# پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

**ناوی کتێب: کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا**
**بابەت: توێژینەوەی سیاسی و ئابوری**
**ناوی نووسەر: ئەلشێخ بای ئەلحەبیب - ڕەشید خەشانە**
**وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵڵا کەریم**
**هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ: 1000دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1043)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (110)

# کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا

ئەلشێخ بای ئەلحەبیب
رەشید خەشانە

وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

# پێڕست


ئابوری تاراوگە.......................................................... 9
تەنها لە ساڵی 2014دا.................................................. 23
ئەوروپا و بژاردەی سەربازی............................................ 35
داهاتی سۆماڵییەکانی تاراوگە......................................... 45

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درككردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

رووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە روودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر.

له ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەكەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکیماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو روداوانەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

# ئابوری تاراوگە، سامانێکی نەتەوەیی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە لێکهەڵوەشاوەکانی ئەفریقیا

## کورتەباسێك

ئەو حەواڵە داراییانەی کۆچبەرە ئەفریقیاییەکان لە تاراوگەوە بۆ وڵاتەکانیانی دەنێرنەوە، لە راستیدا رێژەیەکی زۆر باشی سەرچاوەی داهاتی خێزانە هەژارەکان لە وڵاتانی کیشوەری رەش (ئەفریقیا) پێکدەهێنێت و فاکتەرێکی تا ئەندازەیەك سەرەکییە بۆ درێژەپێدانی ژیان و دەرچوونیان لەژێر هێڵی هـەژاری. لە لایەکیتریشەوە تاودانێکی گرنگ دەبەخشێتە گەشەپێدانی ئابوری لەناو وڵاتی رەسەنی پەنابەرانی ئەفریقیا. بە گوێرەی توێژینەوەیەك کە لە ساڵی 2014 لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامدراوە، (120) ملیۆن کەس لە دانیشتوانی دەوڵەتانی کیشوەری ئەفریقیای هەژار هەواڵەیان لەلایەن کوڕو خزم و کەسەکانیانەوە پێدەگات، کۆی سەرجەم ئەو حەواڵانەی دەگاتە (60) ملیار دۆلار. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بڕە پارانە بوونەتە بەشێکی گرنگ لە پێکهێنانی داهاتی نەتەوەیی و ناخۆیی بۆ دەوڵەتانی ئەفەریقا. بەڵام پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین، کە چۆنێتی بەدەستهێنان و پەیداکردنی ئەو پارانە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی تایبەتدایە، کە تێیدا پەنابەرانی ئەفریقی دەچنە ژێر باری بارودۆخێکی بژێوی دژوارەوە لەو وڵاتانەدا کە کاریان تێدا دەکەن و وەك پەنابەر پێشوازییان لێکردوون، جگە لەوەی کە پەنابەری ئەفریقی هەمیشە بەرەنگاری گرفتەکانی تێکەڵاوبوون و خۆگونجاندن لەگەڵ نەریت و کەلتوری کۆمەڵگە ئەوروپییەکان دەبێتەوە، کە زۆرینەیان کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانن و ژیانگوزەراندن تێیاندا پێویستی بە توانایەکی ئابوری باش هەیە.

## بیرکردنەوە لە پەرەپێدانی زیاتری سیستمە بانکییەکان

فاکتەرێکی تری کاریگەر، کە رووبـەڕووی کۆچبەرانی ئەفریقی دەبێتەوە، بریتیە لەو میکانیزمە بانکیەی بۆ حەواڵەکردنی بڕە پارەکانیان پەیڕەو دەکرێت، لە کاتێکدا کە پێویستە لەسەری بڕێك پارەی زۆر بداتە کۆمپانیاکانی تایبەت بە حەواڵەکردنی بڕە داراییەکان، کە لە ئێستادا توانیویانە قازانجێکی زۆر گەورە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیە بەدەستبهێنن، ئەوەش پاڵی بە دەوڵەتە ئەفریقییەکانەوە ناوە بیر لە پەرەپێدانی زیاتری سیستمە بانکییەکانیان بکەنەوە، بە شێوەیەك کە بانکە لۆکاڵییەکان بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا ببنە کەناڵی ئاسانکار و سودمەند لە هاتنی ئەو بڕە دارایە نەختینەییە زۆرە بۆناو وڵاتەکانیان، ئەوەش لە رێگەی دانانی چەند رێگەو میکانیزمێکی شیاو، کە هانی پەنابەرانی ئەفریقی بدات بۆ ئەوەی پارەکانیان لە رێگەی ئەو بانکە نیشتمانییانەوە حەواڵە بکەن، تاوەکو دووسەرە حکومەتەکان و کۆمەڵگە ئەفریقییەکان پێکەوە کەڵك وەربگرن. یەکێتی دەوڵەتانی ئەفریقیا پێیوایە کۆچبەرە ئەفریقیاییەکان پێکهاتەی ئابوری هەرێمیی شەشەمی ئەفریقیا پێکدەهێنن، چونکە حەواڵە داراییەکانیان لە رێگەی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە بووەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ گەشەپێدان و بوژانەوەی وڵاتەکانیان. گومانی تیادا نییە کە یەکێك لەو میکانیزمە گرنگانەی دەکرێت یارمەتیدەرێکی ئەرێنی و کاریگەر بێت لە گەشەسەندنی ئایندەیی ئابوری وڵاتانی ئەفریقیا، بریتیە لە دەستەبەربوونی ژینگەی گونجاو و سیاسەتی هاندەرانە و ژیرانەی حکومەتەکان بۆ گرنگیدان بە وەبەرهێنان و گێڕانی رۆڵێکی خوازراوی شایستەی درووست.

داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە رێگەی کۆچبەرانی ئەفریقیەوە، سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە لە سەرچاوەکانی داهاتی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی جیهان تا ئەو ئاستەی لە ئێستادا بە (ئابوری خێزانە هەژارەکان) ناودەبرێت، بە تایبەتی کە ژنێك بە تەنها

خۆی دەتوانێت ببێتە سەرۆکی خێزانێکی تەواو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکەوتکردنی بڕێك دارایی باش لەو وڵاتانەدا کە تیایاندا دەژین و کاردەکەن بۆ دابینکردنی بژێوییەکی باش بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، بەڵکو لە سایەی ئەواندا بەساڵاچوان و پەککەوتەکان و بێکارەکانیش دەحەوێنەوە و ژیانێکی ئاسودە دەگوزەرێنن. حەواڵە داراییە بەدەستهاتووەکان لە ڕێگەی کۆچبەرانی ئەفریقیاییەوە بەشێکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی هەندێك لە وڵاتانی ئەفریقیا بە ڕێژەی 2% تا 20% پێکدەهێنێت، بە تایبەتی بۆ وڵاتانی وەك تونس، مەغریب، لیبیا و جەزائیر. ئەو ڕێژەیەش 85% تا 90%ی تێکڕای ئەو بڕە داراییانە پێکدەهێنێت، کە لە ڕێگەی ئەوروپاوە بۆ ئەو وڵاتانە دەنێردرێت بە ئامانجی پاشەکەوتکردن یان بەگەڕخستنی لە کەرتی وەبەرهێناندا. ئەم ڕاستیە لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی شیکاریدا پشتڕاستکراوەتەوە، کە تیمێکی تایبەتی بەرنامەی ئاسانکاری وەبەرهێنانی هاوبەشی ئەوروپای ناوەڕاست ئەنجامیداوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حەواڵە داراییەکانی هەندێك لە کرێکارانی کۆچبەر بۆ وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناو وڵاتەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا ساڵانە دەگاتە نزیکەی (7.1) ملیار یۆرۆ، بەڵام ئەگەر ئەو پارانەش لەبەرچاو بگرین، کە بە ڕێگەو شێوازی نایاسایی دەستدەکەون، ئەوا ڕێژەکە بۆ ئاستی (12) تا (14) ملیار یۆرۆ بەرزدەبێتەوە.

## حەواڵەی کۆچبەران، سەرچاوەی گرنگی (دراوی قورس)

بە دیوێکی گەشتردا، کۆی حەواڵە داراییەکانی کۆچبەرانی ئەفریقیا لە تاراوگە پەیکەرێکی مایکرۆئابوری ژیاری و سەرەکی پێکدەهێنێت بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابورییە لاوو تازەهەڵکەوتووەکانی ئەو وڵاتانە، سەرەڕای ئەوەی کە بە سەرچاوەی هەرە گرنگی درووستکردنی (دراوی قورس) و فاکتەرێکی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی

کاریگەرییەکانی هەژاری و برسێتی لەسەر کۆمەڵگە ئەفریقییەکان دەدرێتە قەڵەم، چونکە ئەو سەرچاوە داراییانە بووەتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی لە درووستکردنی داهاتی زۆرێك لە خێزانە هەژارو نەدارەکان لە دەوڵەتانی تازە گەشەکردوو (دەوڵەتانی جیهانی سێ)، بە تایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەین بەو ڕێژە بڵندەی بێکاری، کە لەناو دەوڵەتانی سەرچاوەی هێزی کارو پەنابەران تۆمار کراوە. بۆ نموونە ڕێژەی بێکاری لە هەریەك لە مەغریب و جەزائیر و تونس بەدوای یەکدا گەیشتۆتە 12%، 23.7%، 15%.. لەبەر ئەوە کەسی کۆچبەر لە باری ئاسایی خۆیدا پەنا دەباتە بەر ڕێکخستنی سیستمی بەکاربردن و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بۆ خوارترین ئاست.

قەبارەی بڕە داراییە بەدەستهاتووەکانی پەنابەران بە گشتی پشت بە کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراو دەبەستێت لەوانە:

1. هەلومەرجی ژیانگوزەراندن لەناو وڵاتی پێشوازیکار لە کۆچبەران، بە تایبەتی لەڕووی بژێوی و گرانیەوە.

2. ئاستی خۆگونجاندنی کەسی پەنابەر لەناو کۆمەڵگە خۆشگوزەرانەکان و هەستکردنی بە ریتمی باوی بەکاربردن و خەرجییەکان.

3. ئاستی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکان و دەرفەتەکانی کار و ڕێژەی بەرزی کرێی کار.

4. ئاسانکاریی بانکیی بۆ حەواڵەکردنی پارە و بڕە داراییە بەدەستهاتووەکان بۆ وڵاتەکەی یان ڕاستەوخۆ بە دەستی خانەوادەکەی.

لە توێژینەوەیەکدا، کە لیژنەی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆرئاوای ئاسیا سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ناسراو بە (ئاسکوا) لەژێر ناونیشانی (حەواڵە داراییەکانی کۆچبەران و کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەسەندنی وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی) ئامادەیکردووە، هاتووە: «بە شێوەیەکی گشتی، ئاستی پاشەکەوتکردن لەسەر ئەو ئامانجانە وەستاوە کە

کەسی کۆچبەر بۆ پڕۆکەی دیاریکردووە، بە شێوەیەك کە پلانەکانی بۆ ئاینده دەبێتە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی داهاتەکەیەوە. لێرەوە کۆچکردن بە پرۆژەیەکی ئابوری بونیاتنراو لەسەر پاشەکەوتکردنی زۆرترین بڕی داهاتی بەدەستهاتوو دادەنرێت، ئەو پاشەکەوتکردنە بەلای کەسی کۆچبەرەوە بە داهاتێکی ماوە ناژمێردرێت لە دوای داشکاندنی بەشی بەکاربردن لە ڕێژەی گشتی داهاتەکەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە پاشەکەوت ئەو ڕەگەزەیە، کە هەمیشە کۆچبەر هەوڵ بۆ گەشەسەندن و زیادکردنی دەدات، چونکە هەڵسوکەوتی وەك پاشەکەوتکارێك، هەمیشە لە هاوکێشەکەدا وەکو هەڵسوکەوتە سەرەکیەکەی دەمێنێتەوە». لە هەندێك کاتدا ئەو بڕە کەڵەکەبووە داراییەی، کە کەسی کۆچبەر پاشەکەوتی دەکات و دەیەوێت بەهۆی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت بە مەبەستی بەسەربردنی پشووەکان یان کاتێکی خۆش لە وڵاتی خۆی، یان ئەو بڕە پارانەی لە ڕێگەی هەندێك کەسەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ پاشەکەوتکردن دەینێرێت بۆ خێزانەکەی، بە گشتی ئەو کەناڵانەی حەواڵەکردنی پارە و پول لە ڕێگەی پەیوەندی هاوڕێیەتی و خێزانی یان پەیوەندی بازرگانیەوە درووست دەبێت، ئەوەش بۆ خۆی جۆرێك لە دەوڵەمەندبوونی ڕێژەیی (نایاسایی) پێکدەهێنێت لە ڕێگەی جیاوازی گۆڕینەوەی دراو لە نێوان نرخی بازاڕی ڕەش و بازاڕی گۆڕینەوەی ئاساییدا، کە نرخەکانی لەسەر بنەمای ژمارە و داتاکانی بانکی ناوەندی دیاریدەکات وەك جۆرێك لە ڕێکخستن و بە سیستماککردنی نرخی گۆڕینەوەی دراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی.

## ئابوری تاراوگە و کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی جیهان

جگە لە تۆڕو باندە جیهانییەکانی سپیکردنەوەی پارە، کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی بژاردە و ڕێگە هەرزانتر و باشتر و

خێراترەکانی پرۆسەی حەواڵەکردن لە ترسی پەکخستنی کارەکانی سپیکردنەوەی پارە، هەرچەندە بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە تا ئاماژە بکات بە بوونی هەرجۆرە پەیوەندییەك لە نێوان سپیکردنەوەی پارە و پرۆسە بچوکەکانی حەواڵەکردنی دارایی بە نەختی.

لەو ساڵانەی دواییدا، حەواڵەکردنی پارە بۆ وڵاتانی ئەفریقیا بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بـەڵام بڕەکانی تێچوونی حەواڵەکردنی دارایــی کە لەلایەن کۆمپانیاکانی حەواڵەکردنەوە کۆدەکرێتەوە و لە کەسانی کۆچبەر وەردەگیرێت لە بەرامبەر حەواڵەکردنی پارەکانیاندا، هێشتا ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2014دا ڕێژەی (120) ملیۆن کەس لە دانیشتوانی وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا سودییان لە حەواڵەکردنی (60) ملیار دۆلار وەرگرتووە، کە ساڵانە لە ڕێگەی کەسوکار یان خزمانیانەوە لە دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە بۆیان حەواڵە کـراوە. تێبینی ئەوەشدەکرێت کە ئەو (60) ملیار دۆلارە لەو کۆمەك و یارمەتییانە زیاترە، کە کیشوەری ئەفریقیا لەلایەن کۆمەکبەخشە بیانییەکانەوە بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان وەریدەگرێت، کە بە گشتی لە هەمان ساڵدا گەیشتۆتە (56) ملیار دۆلار، ئەوەش مانایوایە کە حەواڵەکردنی دارایی بەرەو ئەفریقیا بووەتە دەستکەوتێکی دارایی چاوەڕواننەکراو و بۆی هەیە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ گەشەپێدانی ئابوری دەوڵەتانی ئەفریقیا. ئەو بڕە پارانەی کە ئەفریقیاییەکانی تاراوگە دەینێرن بۆ وڵاتەکانیان بووەتە بزوێنەرێکی سەرەکی گرنگی ئابوری ناوخۆییان، بگرە گرنگیەکەشی زیاتر دەبێت ئەگەر پێشبینیە دیمۆگرافییەکان و ئاماژەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا بە شێوەیەکی ئاسۆیی خێرا لەبەرچاو بگرین، لە هەوڵێکدا بەرەو دۆزینەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ فراوانکردنی بازنەی کۆچ و دەستکەوتنی پارە و حەواڵەی دارایی زیاتر. پێشبینی دەکرێت کۆی دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا لە ساڵی 2050دا بگاتە (2) ملیار کەس.

## ( 10 ) لە هەژارترین دەوڵەتانی کیشوەری ئەفریقیا

1. کۆنگۆی دیموکراتی

نازانین چۆن ناوی ئەم وڵاتە بە کۆمارێکی دیموکراتی هاتووە، چونکە هەژارترین دەوڵەتی سەر گۆی زەوییە و لە ساڵی 1998وە لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و پڕ شەڕو ئاژاوەدا دەژی، کە هەندێك لە سوپاکانی ئەفریقیا و جیهانیش بەشدارییان تیادا کردووە و بە خوێناویترین شەڕەکانی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووەم دەدرێتە قەڵەم، چونکە تاکو ساڵی 2008 بوونەتە هۆکاری گیانلەدەستدانی (5.4) ملیۆن مرۆڤ.

2. لیبیریا

یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئەفریقیا کە نەخراوەتە ژێر رکێفی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاوە، بەڵکو تا ساڵی 1980 جۆرێك لە سەقامگیری رێژەیی بەخۆیەوە بینی، پاشان شەڕی ناوخۆ و ناسەقامگیری بەرۆکی گرت و سەدان هەزار کەسی سیڤیلی کردە قوربانی. دوای ساڵی 2003 لیبیریا لە کاریگەرییەکانی شەڕو پێکدادان دەربازی بوو، بەڵام هێشتا یەکێکە لە هەژارترین دەوڵەتانی جیهان و 85٪ی دانیشتوانەکەی رۆژانە تەنها بە یەك دۆلار دەژین و ئەمیرەکانی جەنگ گەیاندیانە ئاستی گەل و دەوڵەتە شکستخواردووەکانی دونیا، لە کاتێکدا خاوەنی چاکترین گەنجینەکانی ئاڵتون و ئەڵماس و کانزا گرانبەهاکانە، بەڵام هەژاری و برسێتی و مەینەتی بووەتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی گەلەکەی.

3. زیمبابۆی

کۆماری زیمبابۆی بەدەست چەندین گرفتی ئابوری ئاڵۆزەوە دەناڵێنێت و هەڵئاوسانێکی زۆر گەورەی هەیە، جگە لەوەش ناوەندی تەمەنی دانیشتوانەکەی لەسەر ئاستی جیهان کەمترین و دەگاتە (47) ساڵ بۆ نێرینە و (37) ساڵ بۆ مێینە. رێژەی 20.1٪ی مردنیش بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێسنوری نەخۆشی (ئایدز)وەیە.

4. بۆرۆندی

یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئەفریقیا کە لەناو گێژاوی ناکۆکی و ململانێی خێڵەکی و شەڕی ناوخۆیی درێژخایەندا دەژی و خاوەنی سیستمێکی یاسایی سەقەتە و ئازادی ئابوری و دەرفەتی فێربوون و خوێندن تیایدا زۆر کەمە، لە سەرووی ئەمانەشەوە ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز زۆر تیایدا بڵاوبۆتەوە. رێژەی 80٪ی دانیشتوانی بۆرۆندی لەژێر هێڵی هەژاری دەژین و یەك لە هەر (15) کەس بەدەست بەدخۆراکی و نەخۆشی درێژخایەنەوە دەناڵێنن و رێژەی 57٪ی منداڵانی خوار تەمەن (5) ساڵ بەدەست بەدخۆراکی درێژخایەنەوە دەناڵێنن.

5. ئەریتیریا

ئەریتیریا بەهۆی پێگە جوگرافیە گرنگ و تایبەتیەکەیەوە کە کەوتۆتە سەر ڕێگەی کەناڵی سوێس وایکردووە ببێتە جێی چاوتێبڕینی دەوڵەتانی زلهێز. ڕەوشی ئابوری ئەو وڵاتە زۆر بە سستی گەشە دەکات، چونکە 80٪ی دانیشتوانەکەی پشتیان بە بەرهەمی ئاژەڵداری بەستووە بۆ ژیانگوزەراندن و پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەیان.

6. ئەفریقیای ناوەڕاست

یەکێکە لە دەوڵەمەندترین دەوڵەتانی جیهان لە ڕووی سامانی کانزای ژێر زەوی، ئەمە سەرەڕای بوونی یەدەگی یۆرانیۆم، نەوت، ئاڵتون، ئەڵماس و دارو تەختە، جگە لە زۆری سەرچاوەکانی ئاوو زەوی بەپیت بۆ کشتوکاڵ، بەڵام هێشتا یەکێکە لە هەژارترین دەوڵەتی جیهان. ئەوەندە بەسە بزانین کە داهاتی ڕۆژانەی 62٪ی دانیشتوانی ئەفریقیای ناوەڕاست تەنها یەك دۆلاری ئەمەریکیە.

7. نەیجەر

ڕێژەی هەژاری لە وڵاتی نەیجەر بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبووندایە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابورییەوە. لە سەرەتای ساڵی 2000 حکومەتی هەڵبژێردراوی نەیجەر تووشی چەندین کێشەی ئابوری و دارایی زۆر ئاڵۆز بوو، گەنجینە داراییەکەی بەتاڵ بوو، دواتر چووە ریزی دەوڵەتە زۆر هەژارو قەرزارەکانی جیهان و تا ئێستا نەیتوانیوە لەژێر باری قەرز و هەژاریدا دەرچێت.

8. سیرالیۆن

سیرالیۆن یەکێکە لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی ئەڵماس لە جیهاندا و بە بەرهەمهێنێکی سەرەکی ماددەی یۆرانیۆم و ئاڵتون دادەنرێت، بەڵام ڕێژەی 70٪ی هاوڵاتیانی لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەردەبەن.

9. مالاوی

مالاوی یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین ئاستی داهاتی تاکەکەسی لە جیهان تۆمار کردووە. ڕێژەی 53٪ی دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و کەرتی کشتوکاڵ 39٪ی کۆی داهاتی ناوخۆ پێکدەهێنێت. لە کۆتایی 2000دا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پرۆسەی خەرجکردنی تێچووی کۆمەککردنی مالاوی راگرت بەهۆی زۆربوونی ئاستی گەندەڵی ئەوەش بووە هۆی کەمبوونەوەی 80٪ی بودجەی گەشەپێدان لەو وڵاتە. ساڵی 2006 رازامەندی نیشاندا لەسەر دانانی مالاوی لە چوارچێوەی پرۆگرامی دەوڵەتە هەژار و قەرزارەکانی جیهان.

10. کۆماری تۆگۆ

ئابوری کۆماری تۆگۆ زۆر بە سستی گەشە دەکات، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی کاکاو، قاوە و لۆکە. سەرەڕای ئەوەی تۆگۆ یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی فۆسفات لە جیهاندا، بەڵام نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و داهاتی ڕۆژانەیان لە 1.25 دۆلاری ئەمەریکی تێپەڕ ناکات. دەکرێت پاشاگەردانی سیاسی و نەبوونی ئارامی و ئاسایش و شەڕی ناوخۆ و کێشەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە هۆکارە سەرەکییەکانی هەژاربوونی تۆگۆ بدرێتە قەڵەم.

## حەواڵەی کۆچبەران، فاکتەری سەرەکی ریشەکێشکردنی هەژاری و برسێتی

لە لایەکیترەوە، حەواڵە داراییەکانی کۆچبەرانی ئەفریقی لە دەرەوە بە شێوەیەکی سەرەکی یارمەتی وڵاتەکانیان دەدات بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی، کە لەناو کۆمەڵگەکانی ئەفریقیادا رەگیان داکوتاوە و بە دەستیانەوە گیرۆدە بـوون. بۆ نموونە وەك کێشەی نەبوونی چارەسەری تەندروستی، بەدخۆراکی، بەدەستنەهێنانی پـەروەردە و فێرکردنی ئاستبەرز، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندە، برسێتی و قاتوقڕی و پیسبوونی ژینگە. لە راستیدا ئەو حەواڵە داراییانە ئەگەر بۆ چەند بوارێکی دیاریکراوی کەرتی وەبەرهێنانی تەرخانبکرێت و بەپێی بەرنامە و پلان بەڕێوە ببرێت، لە ئەنجامدا سەرمایەیەکی باشی لێوە دەستدەکەوێت و لە چەندین بواری ناوخۆیی و وەبەرهێنانی نیشتمانیدا سودی لێدەبینرێت، لە سـەرووی هەمووشیانەوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سنوردارکردنی هەژاری. پێویستدەکات لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا، بانکە لۆکاڵییەکان رۆڵی بەرچاو ببینن لە راکێشانی ئەو حەواڵە داراییانە و دانانی میکانیزمێکی هاندەر بۆ کۆچبەرانی ئەفریقیایی لە دەرەوە تاوەکو ئەم بانکانە بکەنە کەناڵێکی سەرەکمی خۆیان بۆ دانانی ئەو بڕە داراییانە، بێگومان ئەوەش لە رێگەی درووستکردنی پردی پەیوەندی بانکیەوە دەبێت، بە جۆرێك کە هاندی ئەو توێژەی دەرەوە بدات، کە پارەیان دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بەپێی ستراکچەرێکی سودمەند پەیوەندییان لەگەڵ بانکەکاندا بەهێز بکەن. ئەگەر ئەو هەنگاوانە بگیرێتەبەر بێگومان ئەم پرۆسەیە پاڵپشتی ئەو دامەزراوە لۆکاڵی و تایبەتییانە دەکات، کە گرنگی بە پرۆسەی حەواڵەکردنی ئەو بڕە داراییانە دەدەن، ئەگەر بزانین کە رێژەی 12.4%ی ئەو پارانەی کە کۆچبەرە ئەفریقییەکان حەواڵەیان دەکەن بۆ تێچوونی حەواڵەکردن

دەچێت و کۆمپانیاکانی حەواڵەکردن سودی لێوەردەگرن، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. هەندێك لە شارەزایانی بانکی نێودەوڵەتی لەو بڕوایەدان، کە دەکرێت ئەو ڕێژەیە بۆ 5% کەمبکرێتەوە، ئەمەش مانای وایە بڕێك پارە کە دەگاتە نزیکەی (4) ملیار دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ ناو گیرفانی کۆچبەرە ئەفریقییەکان.

لە نێوان ئەفریقیای باشوری بیابان و دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا، بە تایبەتی تونس و جەزائیر و مەغریب جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، چونکە ئامادەیی کاریگەر و بەرچاوی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی، کە لە هەموو جیهاندا لە (7) ملیۆن کەس زیاترە، بۆ خۆی گرنگیەکی گـەورەی هەیە، بۆیە پەیوەندییەکان لە نێوان بەشی باکوری دەریاری ناوەڕاست لەگەڵ بەشی باشوریدا، زۆر پتەوە لە رووی رەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانیەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیە تایبەتیەکەی بەهۆی ئەو سودە زۆرەی لێوەی دەستدەکەوێت، لەپاڵ کاریگەری نواندنی لەسەر رەهەندەکانی تر بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. کەواتا کۆچبەران و پەنابەران رۆڵێکی گرنگییان هەیە لەسەر ناوچەی باکوری ئەفریقیا بە گشتی و لەسەر دەوڵەتانی خۆرئاوای عەرەبی بە تایبەتی، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابوری ئەو وڵاتانە ناتەواوە و سەرجەمیان بە ئاستی جیاجیا بەدەست چەندین قەیران و کێشەوە دەناڵێنن، بە تایبەتی پووکانەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت، هەڵئاوسان، بەرزبوونەوەی ئاستەکانی بێکاری و گەندەڵی. لە لایەکیترەوە ئاڵوێری بازرگانی نێوان دەوڵەتەکان و وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ لەو ناوچەیەدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەڵام دەکرێت داهاتی کۆچبەرە ئەفریقییەکان لەو روانگە مێژوویی و جوگرافی و پڕ دانیشتوانەدا ببێتە هاندەرێکی گرنگ و کاریگەر بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی پێکهێنانی تەواوکاریی ئابوری هەرێمیی، لەو پارچەیەی کیشوەری رەش.

بە گشتی (5) ملیۆن مەغریبی بەسەر (100) وڵاتی جیهاندا دەبەشبوون، ڕێژەی 85%یان لەناو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپادا دەژین و (400000) هەزار کەسیان بە تەواوەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەدا ئاوێتە بوون و فێربوونیان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و لە هەندێك لەو دەوڵەتانەی تیایاندا دەژین لە فەرمانگە و تاقیگە و دامودەزگا گرنگەکاندا کاردەکەن. لەبەر ئەوە مەغریب لەناو دەوڵەتانی ئەفریقیا و لە دوای نێجیریا و میسر پلەی سێیەمی ئەو وڵاتانەی گرتووە، کە کۆچبەرەکانی زۆرترین حەواڵەی دارایی دەنێرنەوە، بە گشتیش تێکڕای حەواڵە داراییەکان دەگاتە (6) ملیار دۆلار، دواتریش جەزائیر دێت بە ڕێژەی (3) ملیار دۆلار، لە کاتێکدا کە دەستی کاری جەزائیری لە دەرەوە بووەتە شادەماری سەرەکی ئابوری جەزائیر. لەپاڵ ئەو ژمارە زۆرە و کاریگەرەی جەزائیرییەکان لە ئەوروپا، کە بە تەنها لە فەڕەنسا یەك ملیۆن و نیو جەزائیری دەژین، بەو هۆیەشەوە قەبارەی بڕە داراییە دانراوەکانی جەزائیرییەکان لە بانکەکاندا دەگاتە (9) ملیار دۆلار. لە ئێستادا پەنابەرە جەزائیرییەکان بە ڕێژەی 94% و پەنابەرە تونسییەکان بە ڕێژەی 74% و پەنابەرە مەغریبییەکان بە ڕێژەی 40% لە وڵاتی فەڕەنسا دەژین. تێکڕای ئەو حەواڵە داراییانەی لە وڵاتانی کەنداوەوە دەنێردرێت بۆ تونس کە بەهاکەی 1.71 ملیار دۆلارە، بە بەرزترین ئاستی حەواڵە داراییەکان دادەنرێت، بە بەراورد لەگەڵ حەواڵە داراییەکانی ئەو کۆچبەرە تونسییانەی کە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا دەژین، کە دەگاتە نزیکەی 1.15 ملیار دۆلار.

ئەو توێژە چالاکەی دەرەوە بە شێوەیەکی گشتی بەشدارن لە چەند بوارێکی گرنگدا بۆ گەشەپێدانی ئابوری دەوڵەتانی خۆرئاوای عەرەبی، بە تایبەتی بوژاندنەوەی ئاستی بژێوی ئابوری بچوکی خێزانەکانیان، کەواتا حەواڵە داراییەکانی دەرەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکان سەرچاوەیەکی گرنگ و کاریگەر پێکدەهێنێت لەڕووی دابینکردنی

پێویستییەکانی تەندروستی، فێرکردن، پەروەردە و وەبەرهێنان لە پڕۆژە بچوك و مامناوەندییەکاندا، ئەوەش بێگومان دەبێتە ڕێگرێك لەبەردەم بڵاوبوونەوەی هـەژاری و بێکاری و یارمەتی دەوڵەتیش دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. هەروەها کەڵەکەبوونی داهاتی باجدانان لە مەودای نزیك و ناوەند و دوور، جۆرێك لە سەرمایەی ئاراستەکراو دەستدەخات، بەرەو ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆرتری پرۆژەکان و وەبەرهێنانی حکومی لە بازاڕی کارو ئەکتیڤترکردنی. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتانە گرنگی زیاتر بدەن بەو توێژە چالاك و گرنگە بۆ بوژاندنەوەی سەرجەم بوارەکانی ژیان و ئابوری نیشتمانی، لەپاڵ فۆکسدانان لەسەر هەوڵدان بۆ درووستکردنی جۆرێك لە متمانەی هاوبەرامبەر لە نێوان خاوەنی ئەو حەواڵە داراییانە و سیستمی بانکی لەناو وڵاتی دایك، لەگەڵ هاندانی کەرتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و کارکردن لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەی بچوك و مامناوەندی لەلایەن ئەو توێژە گرنگەوە بە داهاتەکانی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی وڵاتەکەیان.

## کاریگەرییە ئایندەییەکانی ئابوری تاراوگە لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکانی ئەفریقیا

چین و توێژەکانی کۆچبەرانی ئەفریقی لە دەرەوە ڕۆڵێکی ئابوری تەوەری و هەرەگرنگ دەگێڕن لە بواری ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، کەلتوری و جیۆئابورییەکاندا، لە ڕێگەی حەواڵە داراییەکان و ئەو وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەوە کە لە وڵاتەکانیاندا ئەنجامیان دەدەن بەهۆی ئەو داهاتە زۆرەوە کە بەهۆی کارکردنیانەوە لە وڵاتانی دەرەوە دەستیان دەکەوێت، هەروەها بەهۆی توانا زانستیەکانیان یان لانیکەم ئەوانەیان کە هەڵگری بڕوانامەی باڵان لە چەندین بوارو تایبەتمەندی گرنگی ئابوری و مەعریفیدا، دەتوانن بەردەوام ڕۆڵێکی باڵا بگێڕن. بۆ

نموونە بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی هاریکاری و ئابوری مەیدانی، ڕێژەی کۆچبەرانی وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی کە خاوەن پسپۆڕی و بڕوانامە باڵان بەمشێوەیە: مەغریبی 1.21%، تونسی 0.87%، جەزائیری 0.80% پێکدەهێنن، بەڵکو ئەوانە خاوەنی شارەزایی و توانای زۆرن بە جۆرێك کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پێشکەوتن و گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی لەناو وڵاتەکانیاندا.

ئێمە ناتوانین کۆچ و کۆچبەری وەك خاڵێکی هاوپەیوەند بە گەشەپێدانی ناوخۆیی پیشانبدەین وەك فاکتەرێکی سودلێوەرگرتن بۆ باشترکردنی هێماو ئاماژەکانی پەرەپێدان. هەرچەندێك باسی ڕۆڵی حەواڵە داراییەکان لە گەشەپێدانی و بوژاندنەوەی ئابوریە ئامانجدارەکان و سنوردارکردنی هەژاری و بوژاندنەوەی جووڵەی بازاڕی لۆکاڵی و دەستەبەرکردنی پارە بۆ خێزان و کەسوکاری کۆچبەران لەناو وڵاتەکانیان بکەین، هێشتا کەمە، بەڵام ناکرێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ڕۆڵ و هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەدیهێنانی گەشەکردن و دەستەبەرکردنی دەرفەتەکانی کارو هەوڵدانی بێوچان بۆ سنوردانرکردن یان نەهێشتنی هەژاری و بێکاری لە ناوخۆدا، هاوکاتی لەگەڵ فراوانکردنی ئاستی خەرجیە گشتییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی، فێرکردن، چاودێری و گەشەپێدانی دانیشتوان و سپۆنسەرکردنی پڕۆژە بچوکەکان و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ڕێگەگرتن لە بردنەدەرەوەی سەرمایە، هەروەك لەسەر ئاستی جیهانیش پێویستە چەند یاسایەك دابڕێژرێت بۆ کێبڕکێکردن و کەمکردنەوەی گرفتە ئابورییەکان و جووڵاندنی بازاڕی کارو ئاڵوێری ئابوری، بە ئومێدی دەرچوونی کۆمەڵگە دواکەوتوو یان تازەپێگەیشتووەکان لە کارەسات و گێژاوە یەك لەدوای یەکەکانی هەژاری، برسێتی، بێکاری، نەزانی و دواکەوتوویی.

**سەرچاوە:**

سەنتەری (الجزیرە) بۆ توێژینەوەکان، ماڵپەڕی (ئیلاف)، پێگەی (huffingtonpost)، سایتی بانکی نێودەوڵەتی، پێگەی (ئەراجیك)

http://studies.aljazeera.net/repor
ts/20152015111665515689475/11/.htm

http://elaph.com/Web/Economics/2006134941/3/.htm?sect
ionarchive=Economics#sthash.miBxL6Fb.dpuf

http://www.huffingtonpost.fr/patrick-ndungidi/la-
diaspora-africaine-une-puissance-financiere_b_7747420.
html

http://www.alaraby.co.uk/economy/201517/1//

http://blogs.worldbank.org/trade/connecting-dots-
engaging-african-diaspora-trade-investment-and-skills-
transfer-africa-s-development

http://www.arageek.com/201407/10//poorest-countries-in-
the-world.html

## تەنها لە ساڵی 2014دا، (214) ملیۆن کەس وڵاتەکانیان جێهێشتووە ئەمەریکا زۆرترین و سلۆڤینیا کەمترین ڕێژەی پەنابەرانیان تێدایە

لەم بارودۆخەی ئێستای جیهاندا کە زۆربەی وڵاتەکان بە قۆناغی شەڕو ململانێ و قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریدا تێدەپەڕن، خواست و ویستی گەنجان لەسەر کۆچکردن و جێهێشتنی وڵاتەکانیان بەرەو وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو (جیهانی خۆرئاوا) بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەڵکشاندایە. هەرچەندە ڕێگەی کۆچکردن پڕیش بێت لە مەترسی و نائومێدی و خەمی جێهێشتنی نیشتمان، بەڵام گەنجان کردوویانەتە ڕێگەی خۆدەربازکردن لە مەینەتی و ناخۆشییەکانی ژیانگوزەراندن لەناو وڵاتی دایك و گەڕان بەدوای دەرفەتی ژیانێکی نوێی ئاسودە و خۆشگوزەران. دەکرێت پرسیارێك بکەین بڵێین: ئایا هۆکاری کۆچکردنی گەنجان بەرەو دەوڵەتانی خۆرئاوا و ئەوروپا تەنها بۆ بەدەستهێنانی پارە و پێکەوەنانی سامان و داراییە یان ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی پشت زیادبوون و هەڵکشانی ڕێژەی کۆچ بە شێوەیەکی گشتی؟

**گرنگترین هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ کۆچکردنی گەنجان:**

1. تێکچوونی بـاری ئاسایش و ناسەقامگیری: لە ڕاستیدا زۆرینەی گەنجان بە تایبەتی و خەڵکی تریش بە گشتی لە ترسی شەڕو ململانێکان و بۆ خۆرزگارکردن لە مردن هەڵدێن، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە کەناری ئارامی و ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێکانیان، بۆیە بەهۆی شەڕو توندوتیژی و پێکدادانە خوێناوییەکانەوە ڕێگەی کۆچکردن دەگرنەبەر و نیشتمانی دایك جێدەهێڵن.

2. نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاو بۆ گەنجان: ئاشکرایە کە زۆربەی کۆچبەران و پەنابەران هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیین، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو وڵاتەکانی خۆیاندا دەرفەتی کارکردن و دامەزراندن

زۆر کەمە، بەڵکو لە هەندێك وڵاتە هەژارەکاندا پیشەکان و پۆست و پلەکان لەسەر توێژێکی دیاریکراو تابۆ کراوە، ئەوەش گەنجان و لاوان هەڵدەنێت بۆ کۆچکردن بەرەو وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا بە مەبەستی گەڕان بە دوای کارو پیشەی گونجاو کە داهات و پاشەکەوتێکی باشیان لێیەوە دەستبکەوێت و بارو گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیانی پێباشتر بکەن. کەواتا لەو وڵاتانەدا کە گەنجەکانیان کۆچ دەکەن نیشتمان ئامێزی گەرمی بۆ گەنجانی نەکردۆتەوە تاوەکو بە ئارامی و ئاسودەیی ژیانێکی سەربەرزانە بگوزەرێنن، بەڵکو شەڕو ململانێکان و لەگەڵ بێکاری و بێهیواییدا مەرگیان بۆ دەهێنن، بۆیە ئەوپەڕی هەوڵ بۆ جێهێشتنی دەدەن و رێی هات و نەهات دەگرنەبەر.

3. داتەپینی باری ئابوری و خراپی گوزەران: بەهۆی زۆربوونی کێشەو قەیرانەکانەوە رۆژ لە دوای رۆژ باری ئابوری و گوزەرانی تاکەکان و خێزانەکان لە دەوڵەتە هەژارەکانی کیشوەری (ئەفەریقیا، باشوری ئاسیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)دا بەرەو سەختی و خراپتر دەچێت. گرانبوونی نرخی کەلوپەلەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و بوونی چینایەتی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و ناهاوسەنگی ژیان، ئەمانە هەمووی پاڵ بە گەنجانەوە دەنێت بەرەو دەوڵەتانی خۆرئاوا کۆچ بکەن و هەوڵ بۆ دابینکردنی ئایندە و ژیانێکی تازە بدەن و هیچ وابەستەیی و پابەندبوونێکیان بە نیشتمانەوە نەمێنێت، بەڵکو دواجار ئەو شوێنە بە نیشتمانی خۆیان دەزانن کە تێیدا ئاسودە و خۆشگوزەران و ئازادن.

4. زۆربوونی گوشارە دەروونییەکان: بێگومان بوونی گوشاری دەروونی و خەمۆکی و زۆر بیرکردنەوەی گەنجان بۆ دەربازبوون لەو گێژاوی بێهیواییەی لە وڵاتەکانیاندا تێیکەوتوون، دواجار دەتەقێتەوە و کۆچکردنی بە لێشاوی گەنجانی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی لەو

وڵاتانەدا کە بەردەوام لە دۆخێکی قەیراناوی و ناسەقامگیردا دەژین. بۆ نموونە وەك: سوریا، عێراق، لیبیا، سودان، سۆماڵ، ئەسیوپیا، سیرالیۆن، چاد، رواندا، کۆنگۆ، نێجیریا.

5. دەستکەوتنی خزمەتگوزاری و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و دادپەروەری لەو دەوڵەتە خۆرئاواییانەدا کە گەنجەکان کۆچیان بۆ کردووە و بە ئارامی تێیاندا دەژین.

6. کۆچکردنی هەندێك لە گەنجان لە پێناو خوێندن و فێربوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی باڵا لە وڵاتانی دەرەوە، لە کاتێکدا تێکڕای کۆمرەکانیان لە وڵاتەکانی خۆیاندا رێگەیان پێنادات ئەو بڕوانامە باڵایانە بەدەست بهێنن. ئەوەش پاڵنەرێکی تری بۆ کۆچکردنی گەنجان بەرەو دەرەوە، بەڵام هێندەی هۆکارەکانی تر بەهێز نییە.

مامۆستای زانستی دەروونناسی (حزر زەبحاوی) پێیوایە سەرەکیترین هۆکاری کۆچکردن و بە تایبەتی کۆچی گەنجان بریتیە لە کەمی دەرفەتەکانی کارو و کەمی داهاتی رۆژانەی تاك بۆ خۆژێنی، جگە لە فاکتەری ئەو هەموو پەلکێشکردنە جۆراوجۆرەی کە لە وڵاتانی دەرەوە هەیە و سەرنجی گەنجان رادەکێشێت بۆ ئەوەی نیشتمانەکەیان جێبهێڵن کۆچ بکەن. هەروەها بەرزی رێژەی کرێی رۆژانە لە دەوڵەتانی خۆرئاوا هاندرێکی گەورەی گەنجانە بۆ کۆچکردن. بەڵام سەبارەت بە چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەوڵەت بە پلەی یەکەم لەسەریەتی دەرفەتەکانی کارکردن بۆ گەنجان دەستەبەر بکات، بە تایبەتیش گەنجانی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ دابمەزرێنێت و کاربکات بۆ باشترکردنی رەوشی ژیان و گوزەرانیان بۆ ئەوەی لە وڵاتەکانی خۆیاندا بمێننەوە و ژیانێکی تازەی خۆشگوزەران دەستپێبکەن.

ماڵپەڕی (بنت الرافدين) لە راپۆرتێکدا چیرۆکی کۆچبەرێکی عێراقی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: «وەك نموونە دەربارەی بێهیوایی




### هەڵکشانی کۆچی نایاسایی

- دۆسیەی کۆچی نایاسایی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا (EURO)ی خستۆتە نێوان دوو بەرداشەوە، بۆیە هیچ ئەگەرێك نییە بۆ کردنەوەی سنورەکانیان لەبەردەم لێشاوی زۆری پەنابەرانی ئەفەریقیا و ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن بەر بە لێشاوی کۆچ بگرن کە زۆرجار باجەکەی ژیانی خودی پەنابەرانە.
- ساڵی 2014ژمارەی کۆچبەرانی نایاسایی بەرەو ئەوروپا گەیشتە (219000) کەس، لەو ژمارەیە (171000) کەسیان خەڵکی لیبیان.
- داتاو ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر لە (35000) کۆچبەر لەمساڵدا گەیشتونەتە وڵاتانی ئەوروپا، زۆرینەیان خەڵکی لیبیان. لەو ڕێژەیە (23000) کۆچبەر گەیشتونەتە ئیتالیا و (12000) کۆچبەریش بۆ یۆنان.
- کۆچی نایاسایی لە ڕێگەی دەریاوە بووەتە هۆی مردنی هەزاران کەس. لە ساڵی 2014دا زیاتر لە (3500) کۆچبەر خنکاون. لە ماوەی 4 مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا (1600) کۆچبەری تر خنکاون.

گەنجان و گرتنەبەری ڕێگەی کۆچکردن بەرەو دەرەوە، عەلی قەیس خوێندکاری قۆناغی سێیەمی کۆلیژی زانستەکان لە عێراق، سەرجەم مامەڵەکانی سەفەرکردنی بەرەو سوید ئامادە کردووە و دەستبەرداری خوێندنەکەی بووە و زۆر سورە لەسەر کۆچکردن. عەلی قەیس لە بارەی سوربوونیەوە دەڵێت: «ژیان لە عێراق زۆر قورس و ئەستەم بووە، بە تایبەتی لە دوای مردنی مەحمودی هاوڕێم لە تەقینەوەکەی موسەیب دا، ئیتر عێراق لە بنەڕەتدا هیچ بەهایەکی نەماوە و دەرچوون لێی وەکئەوەیە تازە لەدایك بیت پێش ئەوەی بە ڕێکەوت لە تەقینەوەیەکدا بمرین، بۆیە باشترە کاتەکانی ژیانم لە دەرەوە بۆ کارکردن و پێکەوەنانی ژیانم تەرخان بکەم، چونکە تەنها خودا خۆی دەزانێت کەی باری ئاسایشی عێراق چاك دەبێت و دووبارە گەنجەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان».

## کۆچکردن مافێکی ئاسایی مرۆڤە

ئەوە سەلمێنراوە کە کۆچکردن و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون بووەتە سوننەتی ژیان و لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، لە بنەڕەتیشدا بەپێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە لە 1948/12/10دا دەرچووە، ژیانگوزەراندن لە هەر شوێنێکی جیهان مافێکی ئاسایی مرۆڤە. کۆچ و جێهێشتنی زێدو نیشتمان بەرەو شوێنێك یان وڵاتێکی نوێ هەمیشە ویست و ئارەزووی بەشێك لە خەڵکی بووە لەناو کۆمەڵگەکاندا، بۆیە دیاردەی کۆچ لە کۆنیشدا هەبووە و لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری خۆیی و بابەتی رویداوە. لە سەدەی بیستەمدا بەهۆی روودانی دوو جەنگی جیهانی گەورە و چەندین شەڕو ململانێی هەرێمی و زۆربوونی توندوتیژی و سەرهەڵدانی بێکاری و ناعەدالەتی و کەمبوونەوەی داهات و خراپبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵك، ئیتر کۆچکردن بووەتە دیاردەیەکی زەق و گەنجانی وڵاتانی جیهانی سێ (تازە پێشکەوتوو) لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی خۆشگوزەران و ئارام بە لێشاو بەرەو دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستورالیا کۆچیان کردو لەوێ نیشتەجێبوون و توانیان دەرفەتی کاری زۆر باشیان دەست بکەوێت و چێژ لە خۆشییەکانی ژیانی ئەوێ و ئازادییەکانی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان وەربگرن، زۆربەشیان خوێندنیان تەواو کردوو بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێنا و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان بە مەبەستی خزمەتکردن.

## کۆچ هۆکارێکە بۆ تێکچوونی باڵانسی کۆمەڵایەتی

بەشێکی زۆر لە گەنجان و لاوان بێئەوەی بیر لە هیچ بەهاو ئیعتیبارێکی نیشتمانی بکەنەوە رێگەی کۆچکردنیان بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو هەڵبژاردووە، ئەمەش لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار لەسەر هەندێك لە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەی کە گەنجەکانیان

## پلانی یەکێتی ئەوروپا بۆ دابەشکردنی داواکارانی مافی پەنابەرێتی بەسەر دەوڵەتەکاندا

کۆمیسارییای یەکێتی ئەوروپا پلانێکی نوێی ئاشکراکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی کۆچی نایاسایی سەبارەت بە پێشکەشکردنی داوای مافی پەنابەرێتی لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا

| ناوی دەوڵەت | ڕێژەی پەنابەران |
|---|---|
| ئەڵمانیا | 15.43 |
| فەرەنسا | 11.87 |
| بەریتانیا | 11.54 |
| ئیتالیا | 9.94 |
| ئیسپانیا | 7.74 |
| پۆڵەندا | 4.81 |
| هۆڵەندا | 3.66 |
| پورتوگال | 3.52 |
| ڕۆمانیا | 3.29 |
| چیك | 2.63 |
| سوید | 2.46 |
| بەلجیکا | 2.45 |
| نەمسا | 2.22 |
| دانیمارك | 1.73 |
| ئەستۆنیا | 1.63 |
| یۆنان | 1.61 |
| سلۆڤاکیا | 1.60 |
| کرواتیا | 1.58 |
| هەنگاریا | 1.53 |
| فینلەندا | 1.46 |
| ئێرلەندا | 1.36 |
| لاتڤیا | 1.10 |
| بولگاریا | 1.08 |
| لیتوانیا | 1.03 |
| سلۆڤینیا | 1.03 |
| لۆکسەمبۆرگ | 0.74 |
| ماڵتا | 0.60 |
| قوبروس | 0.34 |

پێوەرەکانی دابەشکردنی پەنابەران
بەپێی بارودۆخی دەوڵەتانی یۆرۆ

1.ژمارەی دانیشتوان
2. تێکڕای داهاتی ناوخۆ
3. ژمارەی داوای مافی پەنابەرێتی
4. ژمارەی پەنابەرانی نیشتەجێکراو
5. ڕێژەی بێکاری







بە لێشاو کۆچ دەکەن، چونکە پێش هەموو شتێك هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دابەشبوون یان هەڵوەشانی خێزانەکان و کەمبوونەوەی هێزی کارو تێکچوونی بالانسی ڕەگەزیی کۆمەڵایەتی، چونکە زۆربەی ئەو گەنجانەی بۆ دەرەوە کۆچ دەکەن لە ڕەگەزی نێرینەن.

ئەگەر سەیری ئەو هۆکارانە بکەین کە پاڵ بە گەنجانەوە دەنێن کۆچبکەن، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو پاڵنەرانە

سەرچاوەکەیان یەك فاکتەرە ئەویش بە پلەی یەکەم دەستکەوتی māددیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی کۆچ دەکەن بەدەست بێکاری و کەمدەرامەتی و قورسی دۆخی ژیانەوە لەناو وڵاتەکانیان دەناڵێنن و هەمیشە لە دەرفەت و دەرچەیەکی گونجاو دەگەڕێن بۆ جێهێشتنی وڵات و دۆزینەوەی دەرفەتێکی نوێی گونجاو بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی تازەی شایستە و خۆشگوزەران. لە راستیدا کۆچکردن بۆ دەرەوە چەند دەرئەنجامێکی ئەرێنیشی هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی گەنجەکانی کۆچ دەکەن، لەوانە: سنورداركردنی بێکاری و هەژاری، زیادبوونی نەختینەی دەوڵەت لە دراوی بیانی لە رێگەی حەواڵەکردنی پارەوە، بوژانەوەی کەرتی ئابوری ناوخۆ، بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی ئەو خێزانانەی کەسێك یان زیاتریان لە دەرەوەی وڵات دەژی.

## (73) ملیۆن گەنجی بێکار لە سەرتاسەری جیهاندا

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دوایین ئاماریدا ئاشکرای کردووە کە لە سەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە (73) ملیۆن گەنج و لاوی بێکار هەیە. نەتەوە یەکگرتوەکان لە راپۆرتێکدا ئاماژە بە کۆچی گەنجانی بێکار دەکات و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەو گەنجانەی بۆ وڵاتانی دیکە کۆچ دەکەن، لە دۆخێکی زۆر خراپ و ناهەمواردا دەژین. لە لایەکی ترەوە بەپێی ئامارێکی رێکخراوی یونیسێف، تەنها لە ساڵی 1014دا (214) ملیۆن کەس بۆ وڵاتانی دیکە کۆچیان کردووە کە رێژەی %10یان تەمەنیان لە نێوان 10 بۆ 24 ساڵدایە. لە بارەی رێژەی بێکاریش لەنێو چینی گەنجاندا، ئاماژە بەوە کراوە ئەو گەنجانەی لە سەرتاسەری جیهاندا بێکارن یان دەرفەتی کارکردنیان دەستناکەوێت، بە گشتی ژمارەیان دەگاتە (73) ملیۆن کەس.

**ژمارەی پەنابەران بە پێی ریزبەندی دەوڵەتەکان**

| ز | دەوڵەت | ژمارەی پەنابەران | بەرکەوتەی رێژەی سەدی پەنابەران |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەمەریکا | 38,355,000 | 20.56 |
| 2 | روسیا | 12,080,000 | 6.474 |
| 3 | ئەڵمانیا | 10,144,000 | 5.437 |
| 4 | ئۆکرانیا | 6,833,000 | 3.662 |
| 5 | فەڕەنسا | 6,471,000 | 3.409 |
| 6 | سعودیە | 6,361,000 | 3.409 |
| 7 | کەنەدا | 6,106,000 | 3.272 |
| 8 | هندستان | 5,700,000 | 3.055 |
| 9 | بەریتانیا | 5,408,000 | 2.898 |
| 10 | ئیسپانیا | 4,790,000 | 2.567 |
| 11 | ئوستورالیا | 4,097,000 | 2.196 |
| 12 | چین | 3,852,000 | 2.064 |
| 13 | پاکستان | 3,254,000 | 1.744 |
| 14 | ئیماراتی عەرەبی | 3,212,000 | 1.722 |
| 15 | هۆنگ کۆنگ | 2,999,000 | 1.607 |
| 16 | ئیسرائیل | 2,661,000 | 1.426 |
| 17 | ئیتالیا | 2,519,000 | 1.35 |
| 18 | کازاخستان | 2,502,000 | 1.341 |
| 19 | کۆتدیڤوار | 2,371,000 | 1.271 |
| 20 | ئوردون | 2,225,000 | 1.193 |
| 21 | ژاپۆن | 2,048,000 | 1.098 |
| 22 | ئێران | 1,959,000 | 1.05 |
| 23 | سەنگافورە | 1,843,000 | 0.9878 |
| 24 | غانا | 1,669,000 | 0.8945 |
| 25 | کوێت | 1,669,000 | 0.8945 |
| 26 | سویسرا | 1,660,000 | 0.8897 |
| 27 | مالیزیا | 1,639,000 | 0.8784 |
| 28 | هۆڵەندا | 1,638,000 | 0.8779 |
| 29 | ئەرجەنتین | 1,500,000 | 0.8039 |
| 30 | تورکیا | 1,328,000 | 0.7118 |
| 31 | ئۆزبەکستان | 1,268,000 | 0.6796 |
| 32 | نەمسا | 1,234,000 | 0.6614 |
| 33 | بیلاروسیا | 1,191,000 | 0.6383 |
| 34 | سوید | 1,117,000 | 0.5987 |
| 35 | باشوری ئەفەریقیا | 1,106,000 | 0.5928 |
| 36 | تایلاند | 1,050,000 | 0.5628 |
| 37 | بەنگلادیش | 1,032,000 | 0.5531 |
| 38 | ڤێنزوێلا | 1,010,000 | 0.5413 |
| 39 | سوریا | 985,000 | 0.5279 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 0.522 | 974,000 | یۆنان | 40 |
| 0.5204 | 971,000 | نێجیریا | 41 |
| 0.5 | 819,000 | نیپاڵ | 42 |
| 0.5 | 792,000 | تەنزانیا | 43 |
| 0.5 | 773,000 | بۆرکینا فاسۆ | 44 |
| 0.5 | 764,000 | پورتوگال | 45 |
| 0.5 | 719,000 | بەلجیکا | 46 |
| 0.5 | 703,000 | پۆڵەندا | 47 |
| 0.5 | 661,000 | کرواتیا | 48 |
| 0.5 | 657,000 | لوبنان | 49 |
| 0.5 | 644,000 | مەکسیك | 50 |
| 0.5 | 642,000 | نیوزلەندا | 51 |
| 0.5 | 641,000 | بەرازیل | 52 |
| 0.5 | 639,000 | سودان | 53 |
| 0.5 | 637,000 | قەتەر | 54 |
| 0.5 | 628,000 | عومان | 55 |
| 0.5 | 618,000 | لیبیا | 56 |
| 0.5 | 585,000 | ئێرلەندا | 57 |
| 0.5 | 555,000 | ئەسیوپیا | 58 |
| 0.5 | 551,000 | کۆریای باشور | 59 |
| 0.5 | 539,000 | کۆنگۆ | 60 |
| کەمترە لە 0.5 | 512,000 | صربیا | 61 |
| کەمترە لە 0.5 | 511,000 | زیمبابۆی | 62 |
| کەمترە لە 0.5 | 453,000 | چیك | 63 |
| کەمترە لە 0.5 | 449,000 | لاتڤیا | 64 |
| کەمترە لە 0.5 | 441,000 | کۆستاریکا | 65 |
| کەمترە لە 0.5 | 440,000 | مۆڵداڤیا | 66 |
| کەمترە لە 0.5 | 437,000 | چاد | 67 |
| کەمترە لە 0.5 | 406,000 | مۆزەمبیق | 68 |
| کەمترە لە 0.5 | 406,000 | غینیا | 69 |
| کەمترە لە 0.5 | 389,000 | دانیمارك | 70 |
| کەمترە لە 0.5 | 374,000 | فلیپین | 71 |
| کەمترە لە 0.5 | 368,000 | سریلانکا | 72 |
| کەمترە لە 0.5 | 345,000 | کینیا | 73 |
| کەمترە لە 0.5 | 344,000 | نەرویج | 74 |
| کەمترە لە 0.5 | 326,000 | سەنیگال | 75 |
| کەمترە لە 0.5 | 316,000 | هەنگاریا | 76 |
| کەمترە لە 0.5 | 306,000 | تاجیکستان | 77 |
| کەمترە لە 0.5 | 304,000 | کەمبۆدیا | 78 |
| کەمترە لە 0.5 | 295,000 | بەحرەین | 79 |
| کەمترە لە 0.5 | 288,000 | کۆنگۆ | 80 |
| کەمترە لە 0.5 | 288,000 | قەرغیزستان | 81 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | سۆماڵ | 282,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 83 | مالاوی | 279,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 84 | زامبیا | 275,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 85 | یەمەن | 265,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 86 | ماکاو | 257,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 87 | گابۆن | 245,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 88 | جەزائیر | 242,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 89 | ئەرمینیا | 235,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 90 | گامبیا | 232,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 91 | چیللی | 231,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 92 | تورکمانستان | 224,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 93 | ئیستۆنیا | 202,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 94 | جۆرجیا | 191,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 95 | تۆگۆ | 183,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 96 | ئازەربایجان | 182,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 97 | بنین | 175,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 98 | لۆکسەمبۆرگ | 174,000 | کەمترە لە 0.5 |
| 99 | پاراگوای | 168,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 100 | سلۆڤینیا | 167,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 101 | میسر | 166,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 102 | لیتوانیا | 165,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 103 | ئەندەنوسیا | 160,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 104 | فینلەندا | 156,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 105 | دۆمینیکان | 156,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 106 | نامیبیا | 143,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 107 | کامیرۆن | 137,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 108 | رۆمانیا | 133,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 109 | مەغریب | 133,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 110 | برۆنای | 124,000 | کەمترە لە 0.1 |
| 111 | سلۆڤینیا | 124,000 | کەمترە لە 0.1 |

## کۆچکردن گەنجانی هەرێمی کوردستانیشی گرتۆتەوە

بەگوێرەی ئامارێکی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، لە نێوان ساڵانی 1980 تاکو 2015 لە هەرێمی کوردستاندا یەك ملیۆن و (300) هەزار کەس بەرەو وڵاتانی دەرەوە کۆچیان کـردووە. هەروەها بەپێی ئامارێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی پەنابەران لە جیهاندا بە گشتی (60) ملیۆن

کەسی تێپەڕاندووە، ئەوەش بەهۆی جەنگە بەردەوامەکانی ئەم دواییانەی جیهانەوە بووە، کە یەك لەسەر چواری ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران هەڵگری ڕەگەزنامەی سوری و عێراقین.

ماوەیەکە ڕێژەیەکی بەرچاوی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بەرەو دەوڵەتانی ئەوروپا کۆچ دەکەن و بەهۆی بێهیوابوون و لەژێر چەند پاساوێکدا وڵاتەکە جێدەهێڵن. هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەی کۆچکردنەی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا پۆلێن دەبن بۆ کۆمەڵێك هۆکارو فاکتەر، کە دیارترینیان بریتین لە فاکتەری ئابوریو سیاسیو ئەمنی. وە بەتێڕوانینی من بەرچاوترین و سەرەکیترین فاکتەر هۆکارە ئابوورییەکانە، کە کۆمەڵێك ڕەهەندو لایەن لەخۆ دەگرێت، وەك نەبوونی دەرفەتی کارو زیادبوونی ڕێژەی بێکاری. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە 6ی نیسانی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات ڕێژەی بێکاری لە کوردستان بۆ ئاستی(21%) بەرزبۆتەوە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2013دا ئەم ڕێژەیە تەنها (7%) بووە. دیارە زۆربوونی ڕێژەی بێکاری بەو ئاستە مەترسیدارە بۆ قەیرانە دارییەکانی ئەمدواییە و نەبوونی پلانی حکومەت و هاتنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی دەگەڕێتەوە کە بوون بە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی دەرفەتی کار لەلایەن گەنجانی هەرێمی کوردستانەوە. هەروەرها نزمی ئاستی بژێوی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی کە بەشێکی زۆری هاونیشتمانیان داهاتی ڕۆژانەیان کەمەو بەشی پرکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان ناکات، لەپاڵ بوونی گەندەڵی و نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و سامانی ئەم وڵاتە کە بۆتە هۆی دروستبوونی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوەش وای کردووە چینی مامناوەند کەمبێتەوە و کۆمەڵگەش زۆر بە زەقی بەسەر چینی هەژارو دەوڵەمەند دابەش ببێت.

**سەرچاوەکان:**

ماڵپەڕی (بنت الرافیدین)، سایتی (قلب العرب)، ماڵپەڕی (کینانە ئۆنلاین)، ویکیپیدیا

http://brob.org/old/tajarub/hewar/hewar71.htm

http://www.arabbeat.com/i/3rd/hajra.htm

http://kenanaonline.com/users/ESLAMM/posts/59406

http://www.sulcci.com/dreja.aspx?Jmare=2066&Jor=3

http://www.radionawxo.org/kurdi/index.php/report/

html.31-25-10-12-07-2015-item/21928

/https://ar.wikipedia.org/wiki

## ئەوروپا و بژاردەی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆچی نایاسایی

### کورتەباسێك

دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی خنکانی کۆچبەرانی نایاسایی لەناو ئاوی دەریای ناوەڕاست، دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپای ناچار کردووە سەرلەنوێ بگەڕێن بۆ دارِشتنی پلانێك بە مەبەستی سنوردارکردنی ئەو دیاردەیە، کە ساڵ لەدوای ساڵ فراوانتر و مەرگەساتبارتر دەبێت. لە دوای شکستهێنانی ئەو ڕێگەچارە و میکانیزمە کاتییانەی یەکێتی ئەوروپا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بۆ روبەڕوبوونەوەی دیاردەی کۆچکردنی نایاسایی دایڕشتن، ئێستا بۆ ئەو مەبەستە دەستیکردووە بە گرتنەبەری بژاردەی سەربازی، لە ڕێگەی کۆکردنەوە و تەرخانکردنی هێزی دەریایی و ئاسمانی وەك ئامادەسازیکردن بۆ لێدانی ئەو یەخت و بەلەمانەی لەلایەن تۆڕەکانی گواستنەوەی پەنابەران بەرەو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم بژاردەیە هێشتا ئەگەرێکی دوورە، چونکە پێویستی بە دەستەبەرکردنی دوو مەرجی سەرەکی، یان لانیکەم بە یەکێکیان هەیە: یەکەم بریتییە لە دەرچواندنی بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە ڕێگەبدات بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ئەو مەبەستە، دووەمیش ئەوەیە کە هەردوو حکومەتی لیبیا لە ترابلوس و تەبرق رەزامەندی دەرببڕن لەسەر هاتنەناوەوەی یەکە دەریاییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ناو ئاوی هەرێمیی لیبیا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

هەرچەندە (فیدیریکا مۆگرینی)، وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا سەرکەوتوو نەبوو لە رازیکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پیشاندانی تیشکی سەوز بە مەبەستی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە نزیك بەندەر و کەناراوەکانی لیبیا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حکومەتەکەی لیبیاش هۆشدارییاندایە هەر هێزو لایەنێك

که بیەوێت سنوری ئاوە هەرێمییەکانی لیبیا ببەزێنێت بە مەبەستی لێدانی کەشتی و بەلەمەکانیان، بەڵام هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی لاوازی یەکێتی ئەوروپا تاکو ئێستا لە بواری بەرەنگاربوونەوە و ڕێگرتن لە درێژەکێشانی دیاردەی کۆچی نایاسایی، وا پێویستە بگەڕێتەوە بۆ فاکتەرو هۆکارە قووڵە پاڵنەرەکانی کۆچکردن، ئەوەش لە ڕێگەی پەرەپێدانی پرۆژە ژێرییەکان لەناو ئەو وڵاتانەدا، کە بوونەتە سەرچاوەی بەڕێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کۆچبەران، هەروەها دۆزینەوەی ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە مەسەلەی کۆچی ڕێکخراو لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان.

لەگەڵ گەشەکردنی دیاردەی کۆچی نایاسایی لە باشوری دەریای سپی ناوەڕاست، ئەوروپا بەرەوڕووی چەند بژاردەیەکی قورس بۆتەوە. لە دوای خنکانی (200) کۆچبەر لە نزیك کەناراوەکانی لیبیا لە 5ی ئابی 2015، جارێکیتر سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای بژاردەی سەربازیدا لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە. دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لە مانگی تەمووزی 2015دا هێزێکی دەریاییان درووستکرد، کە لە فڕۆکەهەڵگرێك و سێ کەشتی دەریایی پێکهاتووە، بە مەبەستی بەرەوڕوبوونەوەی کۆچی نایاسایی لە ڕێگەی دەریاری ناوەڕاستەوە بەرەو کیشوەری ئەوروپا، بەڵام پێدەچێت جارێ جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە ئەگەرێکی دووربێت، بەهۆی هەبوونی بیروڕای جیاواز لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە، جگە لەمەش هەردوو حکومەتی تەرابلوس و تەبرق لە لیبیا لە بنەڕەتەوە ئەم بژاردەیە ڕەتدەکەنەوە.

## سێ سیناریۆ

ئەوروپا دوودڵە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی (Eunavfor Med) لە نزیك کەناراوەکانی لیبیا بە ئاراستەی کەناراوەکانی باشوری ئەوروپا، کە ئامانج لێی بەگژداچوونەوەی هاتنی بەلێشاوی کۆچبەرانی نایاساییە، ئەوەش بەهۆی ئەو فشارانەوە کە هەن لە پێناو گۆڕینی پلانەکە بۆ پرۆسەیەکی


زەمینی، بە تایبەتی لەسەر داوای بەریتانیا. سەرەڕای ئەوەی هەردوو حکومەتی کێبڕکێکاری تەرابلوس و تەبرق لە لیبیا، بەجیا هەڕەشەیانکردووە بە بۆرومانکردنی هەر کەشتیەکی جەنگیی کە بەبێ ڕێگەپێدان بێتە سنوری ئاوە هەرێمییەکانی لیبیاوە، بەڵام سەرکردەکانی ئەو پرۆسەیە پێداگری دەکەن، کە جگە لە دەستێوەردانی سەربازی لە نزیك کەناراوەکانی لیبیا هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ ڕێگرتن لە هاتنی بەلێشاوی کۆچبەرانی نایاسایی بەرەو کیشوەری ئەوروپا. بە مەبەستی سنوردانان بۆ کۆچی نایاسایی لە قۆناغی داهاتوودا (3) سیناریۆ داڕێژراوە، ئەمانەن:

- سیناریۆی یەکەم: چڕکردنەوەی چاودێریکردن لەناو ئاوی هەرێمیی ئەوروپا، بە مەبەستی ڕێگرتن لە هاتووچۆی ئەو کەشتییانەی کۆچبەرانی نایاسایی بەرەو کەناراوەکانی ئەوروپا دەگوازنەوە.

- سیناریۆی دووەم: فراوانکردنی پرۆسێسەکانی چاودێری و پشکنین لەناو سنوری ئاوی نێودەوڵەتی نێوان لیبیا و ئیتالیا.

- دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی کەناراوەکانی لیبیا بۆ ڕێگرتن لەو کەشتییانەی کۆچبەرانیان بارکردووە تاکو بەرەو ئەوروپا نەکەونەڕێ.

پرۆسەی (Eunavfor Med) لە مانگی حوزەیرانی 2015دا دەستیپێکرد بە ئامانجی ئاشکراکردن و لەناوبردنی تۆڕەکانی کۆچی نایاسایی، کە لە کەناراوەکانی لیبیاوە دەستدەکەن بە گواستنەوەی کۆچبەران، بەو پاساوەی کە ئەو تۆڕانە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن و پێویستە ڕێگەیان لێبگیرێت. بڕیاردان لەسەر دەستپێکردنی ئەو پرۆسێسە لە دوای نقومبوونی کەشتیەکی ڕاوکردنی لیبی بوو بە (800) کۆچبەری نایاساییەوە لە نیسانی 2015دا، کە لە لیبیاوە بە ڕێگەوە بوون بەرەو کەناراوەکانی ئیتالیا. هێزی (Eunavfor Med)، کە بارەگاکەی لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیایە پێکهاتووە لە (1020) ئەفسەرو سەرباز زۆرینەیان ئیتالی و فەڕەنسین، لەو ژمارەیەش (800) کەسیان لەناو




دەریادا ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن. بەمشێوەیە هێزی (Eunavfor Med) بە حوکمی پێکهاتە سەربازییەکەی جیاوازە لە پرۆسەی تریتۆن (Triton)، کە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی رزگارکردنی ئەو کەشتییانە دامەزرێنراوە، کە کۆچبەرانییان هەڵگرتووە و رووبەڕووی نقومبوون دەبنەوە.

## سپۆنسەرکردنی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان

حکومەتە ئەورووپییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بودجەیەکیان بە بەهای (11.8) ملیۆن یۆرۆ بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پرۆسەکە تەرخانکردووە. سەرکردەکانی ئەوروپا لە کۆبوونەوەی لوتکەی 27ی نیسانی 2015دا تاوتوێی پلانێکی کارییان کردووە، کە لە (10) خاڵی سەرەکی پێکهاتووە و ساڵانەی

(120) ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخانکراوە بە مەبەستی سپۆنسەرکردنی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان و رەوانەکردنی کەشتی جەنگی و مەدەنی لەگەڵ ژمـارەیـەك هیلیکۆپتەر بۆ کەنارەکانی وڵاتانی باشوری ئەوروپا، بۆ ئەوەی هەڵسن بە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردن و دەستنیشانکردنی ئەو کەشتی و یەختانەی کە کۆچبەرانی نایاسایی دەگوازنەوە بەرەو کەناراوەکانی باشوری ئەوروپا.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئەوروپا کەشتیگەلێکی پێکهاتوو لە کەشتی و فڕۆکەی سەربازی بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو هێزە دروستکردووە، کە قەبارەکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە شەڕەکەیدا لە بەرامبەر باندەکانی کۆچی نایاسایی جدییە. قەبارەی هێزی (Eunavfor Med) پێکهاتووە لە چوار یەکەی سەربازی بەمشێوەیە: فڕۆکەهەڵگری (Cavour)ی ئیتالی ، دوو کەشتی جەنگیی ئەڵمانی و کەشتیەکی بەریتانی، جگە لە چەندین فڕۆکەی فەڕەنسی و ئیتالی و بەریتانی و لۆکسەمبۆرگی، کە جۆرەکانیان رانەگەیەنراوە.

ئاشکرایە کە هێزێکی گورزوەشێن بەو قەبارەیە، ناکرێت ئەرکەکانی تەنها قەتیس بکرێت لە رێگەگرتن بە کەشتیەکانی راوکردن و گوێزانەوەی کۆچبەرانی نایاسایی و دەستنیشانکردنی پـلان و شـێـوازەکـانـی راکێشانی کـۆچـبـەران بـۆ نـاو گەشتە مەترسیدارەکانیان، بەڵکو قەبارە و توانای ئەو هێزە لەوە زیاترە. بەڵام لە قۆناغی داهاتوودا، فەرماندەکانی پرۆسەکە سوربوونی خۆیان لە پەلاماردانی کەشتییە نایاساییەکان ناشارنەوە، بەڵکو کاپیتانەکان و سەرۆك باندو قاچاغچییەکان دەستگیر دەکەن. جێی باسکردنە کۆمەڵێك وەرگێڕو شارەزایانی یاسایی لەسەر پشتی کەشتیە جەنگییەکانی سەر بەم هەێزە بوونیان هەیە، بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی پرۆسێسەکانی ئاخاوتن و وەرگرتنی زانیاری لە سەرۆك باندەکان و قاچاغچییەکان.

لێرەدا پرسیارێك دەكرێت: ئایا ئەو زانیارییانە بەكاردەهێنرێت بۆ هێرشكردنە سەر جێمۆڵگەی قاچاغچییەكانی نزیك كەناراوەكانی لیبیا، بە تایبەتی لە كاتێكدا كە هەردوو حكومەتی تەرابلوس و برقە توانیوییانە كۆنترۆڵی كەناراوەكانی وڵاتەكە بكەن، كە درێژاییەكەی (1740) كیلۆمەترە؟

هەندێك لە سەركردەكانی پرۆسەی سەربازی ئەوروپا لە دژی كۆچكردنی نایاسایی لە لێدوانەكانیاندا پشتڕاستی دەكەنەوە، كە لە ئێستادا بەنیاز نین بێنە ناو سنوری ئاوی هەرێمیی لیبیا بە مەبەستی راوەدونانی باندو قاچاغچییەكان لە رێگەی لیبیاوە، كە دەوڵەتێكی خاوەن سەروەرییە و گونجاو نییە بەبێ رێگەپێدان و رەزامەندی یەكێك لە حكومەتەكانی لیبیا یان هەردووكیان پێكەوە، سنورە ئاوییەكانی ببەزێنرێت.

## **بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە كۆچی نایاسایی**

بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی رێكخستنی دەریا، رێگەپێدان بە یەكە سەربازییەكانی كەشتیگەلی هێزی (Eunavfor Med) تا بچنە ناو ئاوی هەرێمیی لیبیا پێویستی بە دەركردنی بڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایش و بڕیاری هەردوو حكومەتی دەسەڵاتدار لە لیبیا هەیە. شاراوە نییە كە چەندین حكومەتی ئەوروپا، بە تایبەتی فەڕەنسا و ئیتالیا لەژێرەوە فشارییان دروستكردووە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش و هەردوو حكومەتی تەرابلوس و برقە رازیبكەن بە هەڵنانی ئەم هەنگاوە بە مەبەستی سنوردانان یان رێگەگرتن لە كۆچی نایاسایی بەرەو ئەوروپا. بۆ جێبەجێكردنی ئەو هەنگاوە، فیدیریكا مۆگرینی، وەزیری دەرەوەی یەكێتی ئەوروپا بە تایبەتی سەردانی بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكانی كرد لە هەوڵێكیدا بۆ رازیكردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش تاوەكو بڕیارێكی تایبەت دەربكات و تیشكی سەوز نیشانبدات بۆ ئەنجامدانی دەستێوەردانی سەربازی لە نزیك كەناراوەكانی لیبیا لەژێر ناوی

(پرۆسێسی دەریـایـی)دا، بـەڵام هەوڵەکانی شکستیانهێنا بەهۆی سەرهەڵدانی دابەشبوون لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە کاراکردنی ئەم دۆسیەیە، بەڵام ئەوەندەی دەرکەوتووە ئەنجومەنی ئاسایش سورە لەسەر رێگەپێنەدان بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆسێسە سەربازییە لە لیبیا، ئەگەر رێککەوتن لەگەڵ هەردوو حکومەتی تەرابلوس و برقەدا نەکرێت، بەڵام هەریەکە لە فەڕەنسا و ئیتالیا هێشتا باوەڕییان بە قورسی دەرچواندنی بڕیارێکی لەو جۆرە نەکردووە دەربارەی ئەنجامدانی ئەو پرۆسێسە، بۆیە سوربوونی خۆیان رایانگەیاندووە لەسەر پێشکەشکردنی پرۆژەیەك بە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی رێگەبدات بە تێکشکاندنی ئەو کەشتییانەی خاوەندارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ باندو قاچاغچییەکانی کۆچی نایاسایی، بەڵام دواتر بەهۆی ناڕازیبوونی (بان کی مۆن) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر ئەم پێشنیارە، دەستبەرداری پرۆژەکە بوون، بەڵکو هانیدان لەسەر دوورکەوتنەوە لە گرتنەبەری رێگەچارەی سەربازی لە بارەی رێگرتن لە کۆچکردنی نایاسایی بەرەو دەوڵەتانی ئەوروپا.

هەرچەندە لەگەڵئەمەشدا، ئەگەر بێتو هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش بگۆڕێت و رێگەبدات ئـەوجـۆرە پرۆسێسە سەربازییانە ئەنجامبدرێت، بەڵام هەنگاوێکی لەو بابەتە نارەزایەتی تورەبوونی توندی لیبیای لێدەکەوێتەوە لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا، بە دویوێکی تریشدا ناسەقامگیری و پاشاگەردانی لەو وڵاتەدا قووڵتر دەکات. رۆژنامەی (The Guardian)ی بەریتانی دۆسیەیەکی نهێنی ئاشکرا کردووە، کە لە (19) لاپەڕە پێکهاتووە، دەڵێت: هێزی سەربازی ئەوروپا ئاوێتەیەکە لە پرۆسێسە هەواڵگری و دەریایی و ئاسمانییەکان پێکهاتووە، بۆیە بەدووری دانانێت هێز رەوانە بکات و لەسەر زەوی بیسەپێنێت، لەبەر ئەوە (فیدیریکا مۆگرینی)، وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا کاردەکات لە پێناو بەدەستهێنانی بڕیاری رێگەپێدان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە،

بەڵام تا ئێستا بێسود بووە. بەم پێیەش بێت دەکرێت پەنا ببرێت بۆ چەند بژاردەیەکیتر، کە کەمتر بازدانی تێدا بێت بەسەر یاسای نێودەوڵەتیدا و زیاتریش کاریگەر بێت بۆ رێکخستنی شەپۆلەکانی کۆچی نایاسایی، چونکە لە راستیدا ئەوروپا کۆمەڵێك میکانیزمی خۆی هەیە دەکرێت لەبری ئەنجامدانی پرۆسێسی سەربازی لە کاناراوەکانی لیبیا، ئەنجامی باشتر بدەنە دەستەوە، چونکە قوربانیانی وەشاندنی گورزی سەربازی بە زۆری کۆچبەران و هاوڵاتیانی لیبیا دەبن نەك سەرۆك باندەکان و قاچاغچییەکانی کۆچکردنی نایاسایی. ئەوەندە بەسە میکانیزمەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی کۆچی نایاسایی بنەینەڕوو، تاکو درك بە فراوانبوونی رووبەری بژاردە ئاشتیخوازییەکان بکەین پێشئەوەی پەنا ببرێتەبەر بەکارهێنانی بژاردەی هێزی سەربازی. یەکێك لە گرنگترینی ئەو میکانیزمانە بریتییە لە پۆلیسی ئەوروپا (Europol) کە گەشەیکردووە، بە تایبەتیش لە رێگەی دروستکردنی پرۆگرامی (MARE JOT)وە کە ئەرکی دەستگیرکردنی باندەکانی قاچاغچیان و هەڵوەشاندنەوەیانە. هەروەها ئاژانسی هاریکاری دادوەری ناسراو بە (EUROJUST) و ئاژانسی ئاسایشی دەریایی (FRONTEX)، کە تایبەتە بە چاودێریکردنی سنورە دەریایەکان، سەرجەمی ئەو ئاژانس و میکانیزمانەش خراونەتە حزمەتی گەڕان بەدوای سەرۆکانی تۆڕی باندەکان و قاچاغچییەکان و بڕە داراییەکانیان، لە پێناو پەلکێشکردنیان بەرەو دادگاییکردن و تێکشکاندنی ئەو کەشتییانەی بەکارییان دەهێنن. لە رێگەی سودوەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم میکانیزمانەوە دەوڵەتانی ئەوروپا دەتوانن پرۆسیچسی چاودێری ئاسمانی ورد ئەنجامبدەن و زانیارییەکانی تایبەت بە تۆڕی باندەکان و قاچاغچییەکان لە نێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە، لە رێگەی رادێریکردنی مۆبایلەکانیان و ئەو زانیارییانەوە کە باریجە ئێشکگرەکانی ناو دەریای ناوەڕاست لە چوارچێوەی پرۆسەی (تریتۆن)وە کۆیاندەکەنەوە، ئەو پرۆسە گرنگەی کە یەکێتی ئەوروپا (3) جار بودجەی بۆ زیادکردووە.

## شوێنپێ هەڵگرتنی باندەکان و قاچاغچییەکان

دەتوانین بڵێین، کە یەکێك لەو هەڵە گەورانەی ئەوروپا کردوویەتی بریتییە لە کۆتاییهێنان بە پرۆگرامی (ماری نوسترۆم) لەلایەن ئیتالیاوە، کە تایبەتە بە گەڕان بەدوای کۆچبەران لەناو دەریای ناوەڕاست و رزگارکردنیان لە مەرگ، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکی دارایی بووە. ئەو پرۆگرامە سنوری رزگارکردنی کەشتیە نقومبوو یان لەکارکەوتووەکانی تێپەڕاند و کارەکانی گەیشتە ئاستی گەڕان بەدوای تۆڕەکانی باندو قاچاغچییەکان و راوەدونانی ئەندامەکانیان. لەو رووەشەوە دەسەڵاتی دادوەری ئیتالیا یارمەتیدەر بووە لە دەستگیرکردنی (330) قاچاغچی کۆچبەری نایاسایی و تۆمەتبارکردنی زیاتر لە (100) قاچاغچی تریش، ئەمە سەرەڕای ئاراستەکردنی تۆمەتبارکردن لە دژی (3) لە گەورە سەرۆك باندەکانی بەقاچاغبردنی کۆچبەران لە میسر، بۆیە لە ئێستادا هەرچەندێك یەکێتی ئەوروپا درێژە بە پەکخستنی پرۆگرامی (ماری نوسترۆم) بدات ، ئەوەندەیتر مەینەتی و تراژیدیاکانی خنکانی بەکۆمەڵی کۆچبەران لەناو ئاوی دەریای سپی ناوەڕاست دووبارە دەبێتەوە. لە لایەکیترەوە پرۆگرامی (تریتۆن)، کە یەکێتی ئەوروپا لە پاییزی 2013دا دەستیپێکرد لە دوای نقومبوونی کارەساتبارانەی کەشتیەك لە نزیکە کەناراوەکانی لامپیدۆزا، ئامرازێکی ئەرێنی بوو بۆ رزگارکردنی گیانی زیاتر لە (150) هەزار کۆچبەر لەناو قووڵایی دەریادا، بەڵام بەهۆی راگرتنی ئەم پرۆگرامەوە گەورەترین کارەسات لە سەرەتای ساڵی 2015 رویدا و بەهۆیەوە (800) کۆچبەر لە نێوان کەناراوەکانی لیبیا و ئیتالیا گیانیان سپارد، دوایئەوەش کارەساتی دووەم لە 5ی ئابی 2015 رویدا و تێیدا (200) کۆچبەری نایاسایی بوونە قوربانی.

## گۆڕینی کۆچی نایاسایی بە کۆچی یاسایی رێکخراو

چارەسەرکردنی ریشەیی دیاردەی کۆچی نایاسایی، کە بەردەوام کارەسات و تراژیدیای ناخۆشی لە دەریای سپی ناوەڕاست

لێدەکەوێتەوە و ئەوروپییەکانی نیگەران کـردووە، پێویستی بە هەڵوەستەکردنی نێودەوڵەتی هەیە لە رێگەی گەڕان بەدوای رەگ و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی، لەپاڵ مسۆگەرکردنی شکۆو کەرامەت و سەلامەتی کۆچبەراندا، نەك بە گرتنەبەری رێگەچارەی سەربازی، کە هیچ چارەسەرێك بەدی ناهێنێت. لە راستیدا پلانی ئەو چارەسەرکردنە گشتگیرە پشتەبەستێت بە چارەسەرکردنی ناکۆکی و قەیرانەکان لە کیشوەری ئەفریقیا، کە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی لێشاوەکانی کۆچکردنی نایاسایی، جگە لە باشکردنی ئاستی ژیان و بژێوی دانیشتوان لە رێگەی بەگژداچوونەوەی هەژاری و برسێتی و بەرەوپێشبردنی رەوڕەوەی گەشەپێدان بە مەبەستی دابینکردنی دەرفەتی کارکردنی گونجاو بۆ گەنجان، بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنی بڕوانامە و پسپۆڕین.

لە راستیدا خـودی دۆسیەی کۆچ پێویستی بە توێژینەوە و پێداچوونەوەیە بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەی شیاو بۆ گرتنەبەری کۆچی یاسایی رێکخراو بە هاوکاری ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی لێشاوەکانی کۆچبەرانن، ئەمەش پشتەبەستێت بە پێگەیاندنی خوازیارانی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا لەڕووی زمانزانی و پیشەییەوە لەناو وڵاتەکانی خۆیاندا، لەپێش ناردنییان بۆ کارکردن لە وڵاتانی ئەوروپا، کە پێویستیان بە ملیۆنان دەستی کاری بیانی هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی بە کادری ناوەند دەدرێنە قەڵەم و هەڵگری بڕوانامە و پسپۆڕیی جۆراوجۆرن.

**سەرچاوە:**

سەنتەری (الجزيرە) بۆ توێژینەوەکان

http://studies.aljazeera.net/repor
ts/201520151116655156894 75/11/.htm

## داهاتی سۆماڵییەکانی تاراوگە
## بونیادنانەوەی سۆماڵ و رزگارکردنی لە هەژاری

### کورتەباسێك

هەرەسهێنانی دەوڵەت لە سۆماڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991، هەرەسهێنانێك کە شەڕی ناوخۆ و ماڵوێرانی و کارەساتی ژینگەیی و برسێتی بەدوای خۆیدا هێنا، هەموو ئەو فاکتەرانەش پێکەوە بوونە هۆکاری کۆچی بەلێشاوی سۆماڵییەکان بۆ دەرەوە. لە ئێستادا زیاتر لە یەك ملیۆن سۆماڵی بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. رەوەندی سۆماڵی لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا نیشتەجێبوون لە زۆر بواردا چالاکن، کە دیارترینیان بازرگانیکردنە لە بواری هەناردەکردن و هاوردەکردن، جگە لەمەش رەوەندی سۆماڵی لە رێگەی حەواڵەکردنەوە پارەیەکی قەبە بۆ سۆماڵ دەنێرنەوە، ئەو بڕە پارەیە بە گشتی لە قەبارەی داهاتی سەرجەم هەناردەکراوەکان و ئەو کۆمەك و یارمەتیە مرۆییە نێودەوڵەتییانە زیاترە کە لە چوارچێوەی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا پێشکەشی وڵاتی سۆماڵ دەکرێت. ئەو بڕە داراییە حەواڵەکراوانە لە رێگەی کۆچبەرە سۆماڵییەکانی تاراوگەوە دەگەنە دەست ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە هەژارو بێدەرەتانەکان، لە کاتی روداني وشکەساڵی و شەڕەکانی ناوخۆشدا ئەو بڕە پارانە بەردەوام زیادییانکردووە.

کۆچبەرە سۆماڵییەکان بوونەتە سەرمایەیەکی مرۆیی و ئابوری، بەڵکو بوونەتە یەکێك لە فاکتەرەکانی هەڵسانەوە و گەشەکردنی دەوڵەتی ئێستای سۆماڵ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە چالاکی سۆماڵییە گەڕاوەکان لە بواری گشتییەکانی گەشەی کۆمەڵگەدا زۆر بەرچاوە، بە تایبەتی لە کۆماری خاکی سۆماڵ (سۆماڵی لاند). رەوەندی سۆماڵی لە تاراوگە، بە تایبەتی لە دەوڵەتانی ئەوروپا و بە دیاریکراویش لە بەریتانیا، هاوشێوەی رەوەندە بیانییەکانی تر لە خۆرئاوا، بەدەست

چەند کێشەیەکی پەیوەست بە هاوئاوێتەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگە ئەوروپییەکان دەناڵێنن، بەڵام لەگەڵئەوەشدا رۆڵی گرنگ دەگێڕن.

کۆچکردنی گەلان و کۆمەڵگەکان بە هەموو شێوەکانیەوە، لە دێرزەمانەوە دەستیپێکردووە و تا ئێستاش بەردەوام لە هەڵکشاندایە، بەڵام بە فۆرمێکی زۆر جیاوازتر لە قۆناغەکانی رابردوو، هەرچەندە قورسایی سیاسی کۆچبەران لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە گرنگی زیاتری پەیدا کردووە، چونکە توێژی کۆچبەران و پەنابەران لە دەرەوە رۆڵێکی هەستیار لە ململانێ هاوچەرخەکاندا دەگێڕن، ئەوەش بە هۆکاری دروستبوونی فۆڕمێکی نوێ لە ناکۆکی و ململانێکان، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی خێرای ژمارەی کۆچبەرانی هەڵاتوو لە دەست شەڕەکان و خێرایی گواستنەوە و پەیوەندیکردن لەم سەردەمەدا، سەرەڕای زیادبوونی ناجۆری و جیاوازییە سیاسی و کەلتورییەکان. لەوەتای دەوڵەتی سۆماڵ روخاوە، بەهۆی بەرپابوونی شەڕەوە ژمارەی کۆچبەرانی سۆماڵی بۆ ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئوستورالیا و نیوزیلەندا گەیشتە نزیکەی یەك ملیۆن کەس. سەرەڕای ئەوەی کە کیشوەری ئەوروپا رێژەیەکی تا رادەیەك کەمی کۆچبەرانی سۆماڵی گرتۆتەخۆ، بەڵام هێشتا بە یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵی کۆچبەران و کەمینە تازەگەشەسەندووەکان ئەژمار دەکرێن. بەشێکی زۆری ئەو کۆچبەرە سۆماڵییانەی لە دەوڵەتانی ئەوروپا نیشتەجێبوون، چالاکی و کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو رووداوو گۆڕانکارییانەی لە نیشتمانی دایك دەگوزەرێت.

## کۆچی جیهانیی سۆماڵییەکان

وڵاتی سۆماڵ لەناو یەکێك لە درێژترین کارەساتە مرۆییەکانی سەر رووی زەمین ژیاوە. لە کانونی دووەمی ساڵی 1991دا (محەمەد سیاد بڕی)، سەرۆکی ئەو کاتەی سۆماڵ لەسەر دەستی میلیشیایەکی

خێڵەکی ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵات لابرا و لە ئەنجامدا دەوڵەتی ناوەندی هەرەسی هێناو شەڕی ناوخۆ بەرپابوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی برسێتی و قاتوقڕییەکی توندو کارەساتبار بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە گشتی. دواتر لە ساڵی 1992 نزیکەی (4.5) ملیۆن کەس، کە دەیکردە نیوەی دانیشتوانی سۆماڵ کەوتنە ژێر هەڕەشەی برسێتی و بەدخۆراکی و چەندین دەردو نەخۆشی. بە گوێرەی داتاو ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەو بارودۆخە پڕ تراژیدییایە بووە هۆکاری گیانلەدەستدانی نزیکەی (300) هەزار کەس و ئاوارەبوونی (2) ملیۆن کەس بەرەو دەوڵەتانی دراوسێ و چەند ناوچەیەکی ئارامتر لەناو خاکی سۆماڵ.

لەو کاتەوە کۆچی بەلێشاوی خەڵکی سۆماڵ بەرەو هەڵکشانی زیاتر ڕۆیشتووە، کە ڕێکخراوی (UNDP) سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بە نزیکەی یەك ملیۆن کەس مەزەندەی کردووە. ڕەوەندی سۆماڵی لە وڵاتانی خۆرئاوا کەڵکی وەرگرتووە لە تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن، بە تایبەتی حزمەتگوزارییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت، چونکە ئەو کەرتە دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون بۆ پێکەوە پەیوەندیکردن و گۆڕینەوەی دیدو بۆچوونەکانیان، جگە لەوەی ئینتەرنێت ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئەوان تاوەکو یارمەتی کەسوکارو خزمەکانیان بدەن لە نیشتمان، جگە لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی چەندین کارو چالاکی تایبەت بە خۆیان. بەمشێوەیە سۆماڵییەکانی تاراوگە بوونەتە نمونەیەکی زیندوو بۆ ئەو فۆڕمەی کە ئەبادورای بە (شەپۆلی نوێی گلۆبالیزمی کەلتوری) ناوزەدی دەکات. ئەبادورای پێنج ڕوانگەی نەرمی لە بارەی کارلێککردنی جیهانی بەکارهێناوە ئەمانەن:

1. ڕوانگەی ئیتنیکی: جەختدەکات لەسەر گروپە مرۆییە گواستراوەکان، هەریەکە لە پەنابەران، کرێکارانی کۆچبەر، خوێندکاران و پیاوانی خاوەنکار دەگرێتەوە.

2. روانگەی تەکنۆلۆژی: بڵاوکردنەوەی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و تەکنیکی میکانیکی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی بەربڵاو دەگرێتەوە.

3. روانگەی ماددی سەرمایەگوزاری جیهانی.

4. روانگەی میدیایی جیهانی، کە نەك تەنها کەناڵە میدیاییە جیهانییەکان، بەڵکو ئەو دیمەن و وێنانەش دەگرێتەوە کە هەڵیگرتووە.

5. روانگەی فکری تایبەت بە گوتارە سیاسییەکان، وەك دیموکراسی و مافەکان.

سۆماڵییەکان لە تاراوگە ناوەندێکی راگەیاندنیان لە دەرەوە وڵاتەکەیان داناوە، بەڵام توانای ئەوەی هەیە بگاتە هەموو سۆماڵیەك لە نــاوەوە و دەرەوە. ئەم هاوپەیوەندییەی کە میدیای تاراوگە بە چالاکییەکانیانی بەخشیوە، بووەتە بازنەی پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی کۆمەڵگەیەك، کە تووشی دابەشبوون و پەرتەوازەیی گەورە بووە، جگە لەمەش رێگەیەکی نوێی کردەوە بۆ بەردەوامبوونی وابەستەیی و پەیوەندی نێوان پێکهاتەی کەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە.

## حەواڵە داراییەکان و دووبارە بونیادنانەوەی سۆماڵ

میدیای تاراوگەی سۆماڵییەکان کەلتوری هاوپەیوەندی لەناو کۆمەڵگەکەیاندا دروستکردووە و بووەتە پردی پەیوەندی لە نێوان سۆماڵییەکانی دەرەوە و وایکردووە ئاگایان لە هەموو ئەو کێشەو گۆڕانکارییانە هەبێت، کە کاریگەرییان لەسەر نیشتمانی دایك هەیە، جگە لەوەش دەرفەتییان بۆ دەڕەخسێنێت تاکو وڵاتەکەیان پێشبخەن. لەبەر ئــەوەی زۆربــەی خێزانەکان و خزمەکانیان لە ناوەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕووی ئابورییەوە پشت بە حەواڵە داراییەکانیان دەبەستن، بەڵکو لەم رێگەیەوە رۆڵی هەرە گرنگ دەگێڕن لە بونیادنان و بوژاندنەوەی ئابوری و دابینکردنی بژێوی و ژیانێکی باشتر بۆ خانەوادەکانیان. ئاشکرایە کە زۆربەی کاروبارە

بازرگانیە سەرکەوتووەکانی کۆچبەران، ئەوانەن کە بە درێژایی سنورە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدەدرێت. بۆ نموونە، کۆمپانیاکانی بارکردنی دەریـایـی و ئاسمانی، دامـەزراوەکـانـی هەناردەکردن و هـاوردەکـردن و ئەنجامدەرانی گرێبەستی کـار. ئەم سیستمە کۆمپانیاکانی حەواڵەکردنی سۆماڵیش دەگرێتەوە کە بە (hawilad) نـاسراوە، کە بە واتای بەڕێوەبردنی حەواڵەکردنی پارە دێت. ئەم کۆمپانیایانە پشت بە سیستمێکی نارەسمی دەبەستن بۆ گواستنەوەی بڕە داراییەکان، بە گشتی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا کاردەکەن و لەلایەن خودی سۆماڵییەکانەوە لە دەرەوە بەڕێوە دەبرێت. لەبەر ئەوەی کە میکانیزمی کارکردنی ئەم سیستمە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان بەڕێوە دەبرێت، بۆیە بە شێوەیەکی فراوان پشت دەبەستن بە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت، تۆڕەکانی نێتووۆرك، مۆبایل، سیستمەکانی بێتەلی گواستراوە و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.

دەوڵەتانی باشوری بیابانی گـەورەی ئەفریقیا، زۆرترین بڕی حەواڵەی داراییان لە ڕێگەی ڕەوەندە کۆچبەرەکانیانەوە پێدەگات، بەڵام لەمڕەوە هێشت وڵاتانی باشوری ئاسیا و ئەمەریکای لاتین لەپێشیانەوەن. کۆی ئەو حەواڵە داراییانەی کە دەوڵەتانی باشوری بیابانی گەورەی ئەفریقیا لە ساڵی 2011دا پێیان گەیشتووە بە (22) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەڵام سۆماڵ لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بە گەورەترین وەرگری بڕە حەواڵە دارییەکان دادەنرێت، بە گشتیش ئەو پارانە لە ماوەی رابـردوودا ڕۆڵێکی باڵایان لە بونیادنانەوەی ئابوری داتەپیوی سۆماڵ گێڕاوە، ئێستاش لە بارودۆخی قەیراناوی و پڕ نەهامەتی سۆماڵدا ڕۆڵێکی زیاتر دەگێڕێت. بە وێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (UNDP)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، بەهای پارەی حەواڵەکراوی کۆچبەران ئاستی هەموو بەهای هەناردەکردن و

یارمەتیە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ سۆماڵ تێپەڕاندووە و دەگاتە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە. بەپێی ئەو رێکخراوە هەر خێزانێکی سودمەند مانگانە بڕی (50 تا 200) دۆلاری پێدەگات و حەواڵە داراییەکان بە گشتی رێژەی 22%ی داهاتی خێزانەکان لە سۆماڵ پێکدەهێنن. شیاوی باسکردنە حەواڵە داراییەکانی دەرەوە بۆ ناو سۆماڵ لە کاتی شەڕی عەشائیری و تائیفی و هەبوونی وشکەساڵیدا، ئەگەرێکی بەهێزە بۆ خۆشکردنی زیاتری ئاگری ململانێکان بە پاڵپشتی راستەوخۆی کۆمەکی دارایی سۆماڵییەکانی تاراوگە، ئەوەش بە فاکتەرێکی مەترسیدار دادەنرێت لە رووی کاریگەرێتی لەسەر توندکردن و درێژەپێدانی شەڕو ململانێکان.

بەشێکی زۆر لە کۆچبەرانی سۆماڵی لە بەریتانیا بۆ نموونە، دەیانەوێت پشووی هاوین لەناو وڵاتەکەی خۆیان لەگەڵ کەسوکار و خزمەکانیان بەسەربەرن، بە گشتی ژمارەی ئەو سۆماڵییانەی ساڵانە لە بەریتانیاوە دەگەڕێنەوە بۆ کۆماری خاکی سۆماڵ بە مەبەستی بەسەربردنی پشووەکانیان دەگاتە (10000) کەس، بەوەش دەبنە هۆکارێکی ئەرێنی بۆ بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکەیان لە رێگەی هێنانەوەی بڕێکی زۆر پارە و خەرجکردنی لە بازاڕەکانی ناوخۆ لە بەرامبەر بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکان و بەشداریکردنیان لە کۆمەککردن و یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکانیان. کۆچبەرانی کۆماری خاکی سۆماڵ بە تایبەتی خاوەنی تۆمارێکی گەورەن بە بەشداریکردنیان لە بونیادنانی دەوڵەت و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ستراکچەری سیستمی سیاسی لە شارو ناوچەکانی خۆیاندا.

عەبدی کۆسۆ، کەسایەتی شارەزا لە چەمکی (حەواڵە کۆمەڵایەتییەکان)دا ئاماژە دەکات بۆ ئەگەرەکانی هاتنی بەلێشاوی سەرمایە و پسپۆڕی و شارەزاییەکان لە رێگەی تاراوگەوە بۆ ناو سۆماڵ، ئەوەش لە زۆری ژمارەی ئەو سۆماڵییانەوە دەردەکەوێت،

کە لە تاراوگە بۆ نیشتمانەکەیان دەگەڕێنەوە و پلەو پۆستی باڵا لە دامودەزگا سیاسییەکاندا بەدەست دەهێنن. بۆ نموونە لە کۆماری خاکی سۆماڵ (ئۆگادین) لە کۆی (3) حزبی سیاسی، دووانیان لەلایەن ئەو سەرکردانەوە رابەرایەتی دەکرێن کە لە دەرەوە گەراونەتەوە، هەروەها یەکێك لە دوو سەرۆکی ئەنجومەنە تەشریعییەکان لەوانەن کە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە، جگە لەوەش لە کۆی (82) پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەرانی سۆماڵ (30) ئەندامیان لە دەرەوە گەڕاونەتەوە. بەڵام سەبارەت بە حکومەتی سۆماڵ، لە کانونی دووەمی ساڵی 2008دا سەرۆك وەزیران و سێیەکی ئەندامانی کابینەی حکومەت، واتا (10 لە کۆی 15 وەزیر) لە سۆماڵیە گەڕاوەکانی تاراوگە بوون. هەروەها لەو کابینەی حکومەتی سۆماڵ کە لە شوباتی 2009 دامەزرا، سەرۆك وەزیران و نیوەی ئەندامانی کابینەکەی (18 وەزیر لە کۆی 37 وەزیر) لە سۆماڵیە گەڕاوەکانی تاراوگە بوون، سەرەڕای ئەمەش زۆرێك لە گەورە بەرپرسان و کارمەندانی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان لەو سۆماڵییانەی کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە.

## مەینەتی و ململانێی تاراوگە لە پێناو پاراستنی ناسنامەدا

بەشداریکردنی کۆچبەرە سۆماڵییەکان لە بونیادنانەوەی نیشتمانی دایك، هاوکاتە لەگەڵ خەبات و تێکۆشانیان لە پێناو وابەستەبوونیان بە ناسنامەیان لە جیهانێکدا، کە بەرەو گڵۆبالیزم هەنگاو دەنێت، بەڵام هەوڵدانەکانیان بە زۆری دەچێتە خزمەتی پشتیوانیکردنی شەڕی خێڵەکی و ئاراستە فکرییە جێمشتومڕەکان. سەرەڕای ئەوەش، ئەو هەڵوەشان و پەرتبوونەی کۆمەڵگەی سۆماڵ بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە تووشی بوو، بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکانی ناسنامەپارێزی، کە (پۆڵ گیلرۆی) ناوزەدی کردووە بە «بابەتەکانی هەوڵدان بۆ هێزو دەسەڵات لەلای ئەو گروپانەی هەوڵدەدەن بۆ

بەدیهێنانی خود لە بەرگێکی سیاسی». لە لایەکیترەوە دەکرێت تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان لەم بارودۆخانەدا یارمەتیدەر و بەشدار بێت لە دەربڕینی ئەو پێشبینیە بێسنورانەی تایبەت بە ناسنامە، هـەروەك سۆماڵییەکانی تاراوگە هەوڵی بۆ دەدەن. چڕکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەستنەوەی ناوچە دوورەکـان لە سەتاسەری جیهاندا، هۆکارێکە بۆ زەقکردنەوەی روداوو گۆڕانکارییە لۆکاڵییەکان لە رێگەی کەناڵ و ئامرازەکانی میدیاوە لە تاراوگە، ئەوەش فاکتەرێکە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەتەوە و ئیتنیکە لۆکاڵییەکان لە سۆماڵ و پارێزگاریکردن لەو ناسنامە لۆکاڵییانە لەودیوی سنورەکان.

لە چوارچێوەی ئەم چەمکەدا، دەکرێت کۆچبەران دەسەڵاتی تازەهەڵکەوتووی خۆیان لە تاراوگە بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی بەکاربێنن، لە رێگەی پشتبەستنیان بەو ناسنامەیەی کە هەڵیانگرتووە. ئەو دیوە تاریکە لە بەشداریکردن بۆی هەیە ببێتە میتۆدێك بۆ گواستنەوەی میکانیزمەکانی ململانێ و بەرجەستەکردنی لە نێوان سۆماڵییەکانی تاراوگە و پەلکێشکردنیان بۆلای خۆی و پەخشکردنەوەی لەڕووی دارایی و میدیاییەوە، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بازنەیەك بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ململانێ.

## رەوەندی سۆماڵی لە بەریتانیا

هەرچەندە مێژوویەکی کۆلۆنیاڵی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا لەدوای بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی سۆماڵ، بووەتە لانکەی سەقامگیری بەشێکی زۆری سۆماڵییەکان، کە لە ئێستادا گروپێکی گەورەی کۆچبەران پێکدەهێنن، کە لە ساڵی 2008دا ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە (380000) کەس. ئەو بەریتانییانەی بە رەچەڵەك سۆماڵین، هاوڵاتی بەریتانین و لەو وڵاتەدا لەدایکبوون و نیشتەجێبوون. ئەوان کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزو نەگونجاون، نەوەی

دەریاوانانی کەشتیە بازرگانییەکانن، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گەیشتونەتە بەریتانیا، یان ئەوانەی بە هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، یان وەك پەنابەر بەهۆی ئاگری شەڕی ناوخۆ لە کۆتایی دەیەی هەشتاکان روویانکردۆتە ئەو وڵاتە، یاخود لە رێگەی دەوڵەتانی تری ئەوروپیەوە هاتوون. تا ئێستا سیستمی خێڵەکی کاریگەری خۆی لە رەوەندی سۆماڵی داناوە و زۆرجار وەك تۆڕێکی هاوکاریکردن باسی لێوە دەکرێت، چونکە ئەندامانی خێڵێك یان عەشیرەتێك خۆیان بە پابەند دەزانن بۆ یارمەتیدانی هەر پەنابەرێکی سۆماڵی سەر بە خێڵەکەی خۆیان، کە تازە دەگاتە بەریتانیا.

دەکرێت کۆچکردنی سۆماڵییەکان بۆ بەریتانیا بۆ (3) کۆمەڵەی جیاواز دابەشبکەین:

1. ئەو کۆچبەرانەی وەك دەریاوان و کرێکارانی کارگەکانی ئاسن و پۆڵا لە قۆناغی کۆلۆنیاڵی و شۆڕشی پیشەسازیدا گەیشتنە ئەو وڵاتە و لەو شارانەی کەناردەریا نیشتەجێبوون، کە پیشەسازی ئاسن و پۆڵا تێیاندا گەشەیکردووە.

2. ئاوارە و کۆچبەران لە ترسی شەڕی ناوخۆی سۆماڵ لە ساڵی 1991.

3. ئەو کۆچبەرانەی لەپێشدا لە دەوڵەتانی تری ئەوروپا رەگەزنامەیان وەرگرتووە، پاشان روویانکردۆتە بەریتانیا بە مەبەستی گەڕانیان بەدوای پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی دەرفەتێکی باشتر بۆ پێکەوەژیان و هاوئاوێتەبوون.

یەکەم گروپی سۆماڵییەکان بە مەبەستی کارکردن وەك دەریاوان لەناو هێزی دەریاوانی و بازرگانی بەریتانیا، لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەیشتنە ئەو وڵاتە و لەناو شارە کەناردەرياییەکانی وەك کاردیف و لیڤەرپوڵ و بەندەرەکانی لەندەنی پایتەخت نیشتەجێبوون. ئەو گروپانە لە کۆچبەرانی سۆماڵ، بۆ خۆیان کۆمەڵگەیەکی ئارامو

سەقامگیرییان لەو شارە کەناردەریاییە سەرەکییانەدا درووستکرد، بەڵام زۆربەیان کارکردنیان لە بەریتانیا بە دەرفەتێکی کاتی دەزانی، لە کاتێکدا زۆربەیان خانەوادەکانیان لە سۆماڵ جێهێشتبوو. لە ساڵی 1953دا ژمارەی سۆماڵییەکان لە بەریتانیا تەنها (600) کەس بوو، پاشان قورسایی چالاکی و کارەکانیان لە بواری پیشەسازی ئاسن بۆ شارە پیشەسازییەکان گواستەوە، وەك: پێرمەنگهام، شیفیلد، مانچستەر. لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە خێزانی دەریاوانە سۆماڵییەکان کۆچییانکرد و چوونە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی سۆماڵییەکان لە بەریتانیا.

رەوەندی سۆماڵی لە شاری کاردیف، گەورەترین کۆمەڵگەی کۆچبەریی نەوەی دووەم پێکدەهێنن، لەوانەی لە بەریتانیا لەدایکبوون و تێیدا گەورە بوون. سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی دەیەی شەستەکان و حەفتاکاندا چەند گروپێکی تری خوێندکارانی سۆماڵی بە مەبەستی خوێندن گەیشتنە شانیشنی یەکگرتووی بەریتانیا، هەندێك لەوانە بڕیارییاندا لە بەریتانیا نیشتەجێ بن، بەڵام ئەوانیترییان لە دوای تەواوکردنی خوێندنیان گەڕانەوە بۆ سۆماڵ. بەڵام زۆرینەی ئەو سۆماڵییانەی لە ئێستەدا لە بەریتانیا نیشتەحێبوون، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا گەیشتنە ئەو وڵاتە بەهۆی هەڵاتنیان لە ئاگری شەڕی ناوخۆی سۆماڵ و گەڕان بەدوای پەناگە و ژیانێکی باشتردا. دوایین قۆناغی کۆچکردنی سۆماڵییەکان بەرەو بەریتانیا لە ساڵی 2000دا بوو، کاتێك لە وڵاتانیتری ئەوروپا مافی پەنابەرێتی و مافی هاوڵاتیبوونیان وەرگرتبوو، بۆ نموونە وەك هۆڵەندا، سوید، نەرویج و دانیمارك. جێی باسکردنە سۆماڵییەکان سەبارەت بەو کۆچکردنەیان لەو وڵاتانەی ئەوروپاوە بۆ بەریتانیا کۆمەڵێك پاساوییان هەبوو وەك: نەبوونی ئازادی بۆ پەیڕەوکردنی داب و نەریتی ئاینییان، هەبوونی کۆسپ لەبەردەم هاوئاوێتەبوون و گونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەدا لەگەڵ خواستی پارێزگاریکردنیان لە ناسنامەی کەلتوری و ئاینییان. هەروەها زۆرێکیان گومانیان هەبوو لە

بەرامبەر مەرجەکانی مانەوە و گرفتەکانی بەردەم پرۆژی بازرگانییەکانیان، یان دەیانگێڕایەوە بۆ هۆکاری بەدەستنەهێنانی پشتیوانی و دەرفەتی کارکردنی گونجاو لەو وڵاتانەدا.

لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2005، نزیکەی (20000) کۆچبەری سۆماڵی وڵاتی هۆڵەندایان جێهێشت و رویانکردە بەریتانیا. ئەوانە هەستیان بە بێهیوایی دەکرد لە سیستمێك کە بە وتەی خۆیان خستبوونیە ژێر کۆتی پرۆگرامی بیمەی کۆمەڵایەتیەوە، جگە لە هەبوونی جیاوازیی رەگەزی لە هۆڵەندا. وڵاتی دانیمارك یەکێکیترە لەو وڵاتانەی لە ماوەی تەنها دوو ساڵدا نزیکەی (4000) سۆماڵی جێیانهێشت و چوون بۆ بەریتانیا. ئەستیر ڤان دنریك و ئەدان لیچە حسێن لە توێژینەوەکانیاندا لە ساڵی 2003 باسیدەکەن، کە هۆکارە سەرەکییەکانی پشتی رۆیشتنی کۆچبەرە سۆماڵییەکان لە هۆڵەندا بەرەو بەریتانیا لە دوو تەوەردا کۆدەبێتەوە: «یەکەم، هەوڵدانیان بۆ بەشداریکردنیان لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی. دووەم، گەڕان بە دوای کەشێکی ئارام و گونجاو لەڕووی کەلتوری و ئاینییەوە، جگە لەوەش رووبەڕووی ئاستێکی بەرزی جیاکاری، رقلێبوونەوە، تەنگەتاوکردن و بێبەشکردن لە ئازادی بوونەوە، بۆیە دواجار بڕیاریياندا بەرەو بەریتانیا کۆچبکەن».

لە نێوان رەوەندی کۆچبەران لە دەوڵەتانی کیشوەری ئەوروپا، رەوەندی سۆماڵی لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا گەورەترین رێژەی کۆچبەران پێکدەهێنن، دەشکرێت بڵێین لە هەموو رەوەندەکانیتر زیاتر پارێزگارییان لە پەیوەندی لەگەڵ نیشتمانی دایك کردووە. دەیان کەس لە پەنابەرانی سۆماڵی توانیویانە پرۆژەی بازرگانی لە ناوچە جیاوازەکانی سۆماڵ دابمەزرێنن و لەو رێگەیەوە سود بە کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن، جگە لە پەیوەندیکردنیان بە بەڕێوەبەرایەتیە هەرێمییەکانەوە، جگە لە کارکردنیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، یان وەك سیاسی یان وەك فەرمانبەر لە کەرتی خزمەتگوزاریە مەدەنییەکاندا.

## دوا وتە

هەموو ئەو فاکتەرانەی باسکران، هۆکارن بۆ درووستکردنی ئاڵۆزییەکی فرەئاست، کە بە ئەزمونی ژیانی رەوەندی سۆماڵیەوە لە تاراوگە دیارە. لەلایەك، ئەوان کۆمەڵگەیەکی جیهانی بەهێزو پێشکەوتوون، توانیویانە کەڵك لە دەرفەتەکان و ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا وەربگرن، کە گلۆبالیزم بۆی دەستەبەرکردوون بۆ باشکردنی بارودۆخی نیشتمانەکەیان و سودوەرگرتن لە سەرمایەی ئابوری، کۆمەڵایەتی و مرۆیی. لە لایەکیترەوە، هەمان ئەو وزەو توانایە هێزی پێبەخشیون بۆ درێژەپێدان بە ناکۆکی و ململانێکان، بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەوان لە نیشتمانی تازەیاندا رووبەڕووی ئاستەنگ و گرفتی بەردەوام دەبنەوە، لە بابەتی نایەکسانی و لاوازی لە رووی ئاستەکانی هاوئاوێتەبوون و پێکەوەگونجان، کە لەو هۆکارانەن ناچارییان دەکات پارێزگاری لە پەیوەندی و وابەستەیی بەهێزییان بکەن لەگەڵ نیشتمانی دایك. دواجار پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە سۆماڵییەکانی تاراوگە لە نیشتمانە تازەکانیان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بە تایبەتی لە رێگەی ناوەندەکانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و کەڵکوەرگرتن لێیان لە پێناو بەشداریکردنی کاریگەرییان لە هەڵسانەوە و بونیادنانەوەی سۆماڵ.

**سەرچاوە:**

سەنتەری (الجزیرە) بۆ توێژینەوەکان

http://studies.aljazeera.net/repor
ts/20152015111665515689475/11/.htm

1 – Demmers, J. 2002, ‘Diaspora and Conflict; locality, long-distance nationalism and delocalisation of conflict dynamicsThe Public vol 9, 1 p 8596-.

2 – United Nations Operations in Somalia Report, UNOSOM I 1992.
3 – UNDP 2009 Report, Somalias missing million: the Somali diaspora and its role in development.
4 – Issa-Salwe, A. 2011, The Internet and the Somali Diaspora; the web as a new means of ExpressionBildhaanVol 6.
5 – Appadurai, A. 1990, Disjuncture and difference in the global cultural economy, Theory, Culture and Society vol 7 no2 p295310-.
6 – Menkhaus, K. (2010), Stabilisation and humanitarian access in a collapsed state: the Somali case. Disasters, 34: S320–S341.
7 – Glick, Schiller et al 1995, From Immigrant to Transmigrant: theorising transnational migration, Anthropological Quarterly vol68, no1 p4863-.
8 – Horst, C., 2008, The Transnational Political Engagements of Refugees: Remittance Sending Practices Amongst Somalis in Norway, Conflict, Security and Development 8, no. 3.
9 – Gundel, J. Juma, M. K. and Suhrke, A. (edt) 2002, Eroding local capacity, international humanitarian action in Africa, Spain: GrafilurArtes
10 – Hammond, L. 2011, Cash and Compassion: The role of the Somali diaspora in relief, development and peace-building, UNDP publication
11 – UNDP 2012, Somalia Human Development: Empowering youth for peace and development
12 – Gilroy, P. 2000, Against Race: Imagining political culture beyond the colour line, Harvard University Press (book)

13 – Idem.

14 – DFID/ODI 2008, DFIDs humanitarian response in the Horn of Africa

15 – BBC Legacies 2004, Immigration and Emigration, South East Wales; Somali community (website).

16 – Reek, E. W. A., Hussein, A. I.2003, Somaliers op doorreis, Tilburg, Netherlands.

17 - Open Society Foundation 2014, Report;Somalis in European Cities.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ړووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |